ASO Mukaram .PSD

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ( ٥٢ )

# دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

هەولێر ٢٠٠٨

# دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

هەولێر ٢٠٠٨

* ناوی کتێب: دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا

* نووسینی : موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

* پێداچوونەوە: سادق ئەحمەد عوسمان

* نەخشەسازی بەرگ: زاگرۆس مەحموود عەرەب

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١١٤٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ پێ دراوە.

* تیراژ: ٦٠٠٠ دانە

# پێشەکی

لەم ماوەی ڕابوردووەدا چەندین تێبینی و سەرنجی زمانەوانیمان لە کاتی وانەگوتنەوەو خوێندنەوەدا، لە بارەی چەند بابەتێکی زمانەوانی و ڕێزمانی کوردییەوە لا دروست بوو، کە زۆربەمان خستە سەر کاغەزو هەندێکیشمان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە، بەڵام بیرمان لەوە کردەوە کە ڕەنگە ئەو بابەتانە بەو پرش و بڵاوییە ئەو سوودە بە خوێنەر نەگەیەنن کە کتێبێکی سەربەخۆ دەیگەیەنێت، بۆیە ئەوەمان بەباش زانی ئەو بابەتانە کۆ بکەینەوەو لە دوو توێی ئەم نامیلکەیەدا بیانخەینە بەردەم خوێنەرو ئەوانەی بایەخ بە زمان و ڕێزمانی کوردی دەدەن، بۆ ئەوەی سوودیان لێ ببینن، بەتایبەت هەندێك هەڵەی زمانەوانیمان راست کردووەتەوەو دەستووری شیکردنەوەشمان بۆ فێرخوازان روونکردووەتەوە .

هیوامان ئەوەیە توانیبێتمان سوودێکمان بە هەموو لایەك گەیاندبێت و خزمەتێکی بچووکمان پێشکەش بە گەل و خاك و زمان و نەتەوەکەمان کردبێت .

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

هەولێر

٢٠ - ١١ - ٢٠٠٦

# دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا

ئەگەرچی زمانی کوردی زمانێکی کۆنەو دەستووری تایبەتی خۆی لە رووی ڕستەسازی و یاسای تایبەتی خۆی لەمەڕ جێناوی جوداو جێناوی لکاوو کاراو کارو کاری کارا نادیارو ناوو هاوەڵناوو هاوەڵکارو ئامرازەکانەوە هەیە، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو بابەت و لێکۆڵینەوانەی پێشترو لەم ساڵانەی دواییەدا نووسراون و ، زۆر لایەن و کەلێنی ڕێزمانی زمانەکەیان روون کردووەتەوەو، زۆر لە هەڵەی باویان راستکردووەتەوە، بەلام لە هەندێك رووی دیکەوە هێشتە زمانەکە پێویستی بە دۆزینەوەی دەستوورو یاساکانیەتی، کە لەسەر بناغەیان دامەزراوەو تا هەنووکە بەردەوام بووەو، لە رەشەباو گەردەلول و باوبۆران و زریانی سەردەمەکان خۆی پاراستووەو توانیویەتی شان بە شانی زمانە زیندووەکان زیندوویی خۆی بسەلمێنێت و ، لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی سەردەماندا گەشە بە خۆی بدات و پێشبکەوێت، لەو یاسایانەیش یاسای شیکردنەوەی پەیڤەکانی ئەم زمانەیە، کە خۆیان لە وشەگەلی ناوو جێناوو هاوەڵناوو هاوەڵکارو ئامرازەکاندا دەنوێنن .

## پێناسەی شیکردنەوە

شیکردنەوە : دیاری کردن و دەستنیشان کردنی ئەرکی وشەیە لەناو ڕستەدا، ئایە ئەو وشەیە ناوە، کارە، ئامرازە، کارایە ، بەرکارە، تەواوکەری بەیاریدەیە، هاوەڵناوە، هاوەڵکارە، جێگری کارایە، جێناوی جودایە، جێناوی لکاوە، رووتە (سادەیە)، دارِژاوە، یان لێکدراوە .

## چۆنیەتی شیکردنەوەی جێناوی جوداو لکاو

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر جێناو هەن، جێناوی جودا، کە ئەم جێناوە جودایانە جێناوی لکاویان هەیە، جێناوە لکاوەکانیش دوو گرووپن، یان لە

دوو کۆمەڵە جێناو پێکدێن و بە پێی کاری تێپەڕو تێنەپەڕ دەگۆڕێن . کاراو کاریش لە زمانی کوردیدا لە کەس و ژمارەدا ڕێك دەکەون واتە کارا لە چ کەس و ژمارەیەکدا بێت، کاریش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، ئەویش بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە :

| ژمارە | کەس | جێناوی جودا | جێناوی لکاو ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|---|---|
| تاك | یەکەم | من | م | م | م |
| | دووەم | تو | ت | یت | یت |
| | سێیەم | ئەو | ی | . | ات - ێت |
| کۆ | یەکەم | ئێمە | مان | ین | ین |
| | دووەم | ئێوە | تان | ن | ن |
| | سێیەم | ئەوان | یان | ن | ن |

لێرەدا جێناوە جوداکان دوو گرووپ جێناوی لکاو وەردەگرن، کە ئەو جێناوە لکاوانەی لە خانەی (١) و (٢)دان، ئەوانە لەگەڵ کاری تێپەڕو تێنەپەڕی ڕابوردوودا دێن، هەرچی جێناوە لکاوەکانی خانەی (٣)یە، ئەوە لەگەڵ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا دێن، وەك :

١- بردم ، بردمان
٢- بردت ، بردتان
٣- بردی ، بردیان

١- چووم ، چووین
٢- چوویت ، چون
٣- چوو (.) ، چوون

١- دەبەم ، دەبەین
٢- دەبەیت ، دەبەن
٣- دەبات ، دەبەن

١- دەچم ، دەچین
٢- دەچیت ، دەچن
٣- دەچێت ، دەچن

بەم شێوەیە جێناوە جوداکان لەناو رستەدا دەبنە کاراو بەرکارو تەواوکەری بەیاریدەو تەواوکەری ناو ، دەتوانین بەم شێوەیە شییان بکەینەوە :

من : جێناوی لکاوی یەکەمین کەسی تاکە، دەبێتە کارا ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناو : نموونە :

من سێوەکەم خوارد .

من : جێناوی جودای یەکەمین کەسی تاکە ، کارایە .

سێوەکە : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، سادەیە ، گشتییە ،بەرجەستەیە ، بێ لایەنە ، بەرکارە .

م : جێناوی لکاوی یەکەمین کەسی تاکە ، شوێنی کارای گرتووەتەوە .

خوارد : کاری ڕابوردووی تێپەڕە ، سادەیە .

بەم شێوە (م) جێناوی لکاوی یەکەمین کەسی تاکە، شوێنی کارا دەگرێتەوە ئەگەر جێناوە جوداکەی لە رستەدا بێت ، بەڵام ئەگەر جێناوە جوداکەی لە رستەدا نەبێت دەڵێن کارایە .

ئێمە : جێناوی جودای یەکەمین کەسی کۆیە ، لە رستەدا بە پێی شوێن و ئەرك دەبێتە : کارا ، بەرکار ، ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناو ، نموونە :

ئێمە گۆڤارمان کڕی .

لێرەدا ئێمە جێناوی جودای یەکەمین کەسی کۆیە ، کارایە ، (مان) جێناوی لکاوە شوێنی ئێمەی گرتووەتەوە کە کارایە ، ئەگەر ئەو جێناوە جودایە لە رستەدا نەبێت (مان) دەبێتە (کارا) .

مان : جێناوی لکاوی یەکەمین کەسی کۆیە .

تۆ : جێناوی جودای دووەمین کەسی تاکە ، دەلبێتە کارا ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناو .

ت : جێناوی لکاوی دووەمین کەسی تاکە ، لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕو ڕانەبوردووی تێنەپەرو تێپەڕدا دێت ، وەك : چوویت ، دەچیت ، دەخۆیت .

ئەو : جێناوی جودای سێیەمین کەسی تاکە ، دەلبێتە کارا ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناو .

ی : جێناوی لکاوی سێیەمین کەسی تاکە ، لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێپەڕدا دێت .

ات : جێناوی لکاوی سێیەمین کەسی تاکە ، دەبێتە کاراو تەنیا لەگەڵ ئەو کارانەدا دێت کە ڕەگەکانیان بە بزوێنی (ۆ) و (ە) کۆتاییان دێت ، وەك :

| چاووگ | ڕەگ | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبوردوو |
|---|---|---|---|
| کردن | کە | ات | دەکات |
| بردن | بە | ات | دەبات |
| ڕۆیشتن | ڕۆ | ات | دەڕوات |
| خواردن | خۆ | ات | دەخوات |

ێت : جێناوی لکاوی سێیەمین کەسی تاکە، دەبێتە (کارا)و تەنیا لەگەڵ ئەو کارە تێپەڕو تێنەپەڕە ڕانەبوردووانەدا دێت کە ڕەگەکانیان بە پیتی نەبزوێن کۆتاییان دێت وەك :

| چاووگ | ڕەگ | جێناوی لکاو | کاری ڕانەبوردوو |
|---|---|---|---|
| نوستن | نو | ێت | دەنوێت |
| چوون | چ | ێت | دەچێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کڕین | کڕ | ێت | دەکڕێت |
| کەوتن | کەو | ێت | دەکەوێت |
| تۆران | تۆر | ێت | دەتۆرێت |

ئەوان : جێناوی جودای سێیەمین کەسی کۆیە ، دەبێتە (کارا )و بەرکارو تەواوکەری بەیاریدەو تەواوکەری ناو ، بەو شێوەیەو بە پێی شوێن و ئەرك لەناو ڕستەدا شیدەکرێتەوە . وەك :

ئەوان هاتن .

لێرەدا (ئەوان) جێناوی جودای سێیەمین کەسی کۆیە ، کارایە .

ن : جێناوی لکاوی سێیەمین کەسی کۆیە ، لە ڕستەدا دەبێتە (کارا)و لەگەڵ کاری تێنەپەڕی ڕابوردوو و کاری تێپەڕو تێنەپەڕی ڕانەبوردوودا دێت .

وەك :

ئەوان : چوون ، نوستن ، کەوتن : تێنەپەڕی ڕابوردوو

دەچن ، دەکڕن ، دەفرۆشن : تێپەڕو تێنەپەڕی ڕانەبوردوو

بەم شێوەیە هەر یەك لەو جێناوانە لەناو ڕستەدا شی دەکرێنەوەو ئەرکەکانیان بە پێی شوێنیان لە ناو ڕستەدا دیاری دەکرێت ، کە دەبنە کارا ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناو . دەتوانین لێرەدا نموونەیان بۆ بهێنینەوە:

جێناوی لکاوی (م):

- نانەکەم خوارد . (م) کارایە .
- بینیمی . (م) بەرکارە .
- نامەکەم پێگەیشت . (م) تەواوکەری بەیاریدەیە .
- باخچەکەم جوانە . (م) تەواوکەری ناوە .

هەر بەهەمان شێوەیش دەتوانین جێناوە جوداو جێناوە لکاوەکانی دیکە لەناو رستەدا بەکاربهێنین و ئەو ئەرکانەیان پێ بسپێرین .

## ناوو چۆنیەتی شیکردنەوەی ناو

ناو وشەیەکی سەربەخۆی واتادارەو بەکاتەوە نەبەستراوەتەوە یەکێکە لەو وشە سەرەکیانەی لەناو ڕستەدا دێت و ئەرکی جیا جیا دەبینێت و ، دەبێتە (کارا) ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، تەواوکەری ناوێکی دیکە ، جێگری کارا ، بە هاوەڵناویش تەواو دەکرێت . لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە ناومان لەڕووی دروست بوونەوە هەیە : سادە واتە سادە ، دارِژاو ، لێکدراو ، لە ڕووی گشتی و تایبەتمەندییەوە دوو جۆرمان هەیە ناوی (گشتی) و ناوی (تایبەتی) ، یەکەمیان واتە ناوی گشتی ئەو ناوەیە کە بە هۆی ئامرازی پێناسینەوە دەبێتە ناسراو ، بەڵام ناوی تایبەتی ئەو ناوەیە کە لە بنەڕەتدا ناسراوە ، ناوی تایبەتیش ناوی (مرۆڤ)و (شار)و (شوێنەکان)و رۆژو مانگ و ساڵ و ولآتان و هەر چوار لا (باکوور و باشوورو ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا)و ئەو ناوانە دەگرێتەوە تایبەتین و ناسراون، بۆیە لە شیکردنەوەدا ناوی تایبەتی بە ناسراو دەژمێررێت ، هەرچی ناوی گشتییە ئەوە بە هۆی ئامرازی (کە)وە دەبێتە ناسراو ئەگینە نەناسراوە .

هەروەها ناو بە پێی ڕەگەز لە زمانی کوردیدا دەکرێتە چوار بەشەوە :

یەکەم : ناوی نێر : ئەو ناوەیە کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت وەك :
ئازاد ، وەسوو ، باوك ، ئەسپ ، زاوا ، کەڵەشێر .

دووەم : ناوی مێ : ئەو ناوەیە کە بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت وەك :
ڤیان ، تریفە ، ژن ، مایین ، بووك ، مریشك .

سێیەم : ناوی دوو لایەن : ئەو ناوەیە کە وەك یەك بۆ نێرو مێ بەکاردێت ، وەك :
کەو ، ورچ ، منداڵ ، کۆتر ( کە هەم نێرو هەم مێیان هەیە ) ، هەندێك جاریش دەکرێت ناوی چەند گیانلەبەرێك بە بەکارهێنانی (ما) یان (مێ)و (نێر) لە پێش ناوەکانیانەوە نێرو مێیان لێك جیا بکرێتەوە ، وەك : ماکەو ، نێرەکەو .

چوارەم : ناوی بێ لایەن : کە ئەو ناوەیە بێ لایەنەو نێرو مێی نییە وەك :
شەقام ، ڕووبار ، پەنجەرە ، باران ، خاك .
هەروەها ناو لە ڕووی چۆنیەتی دروست بوونیەوە دەکرێتە سێ بەشەوە:
ناوی سادە، ناوی داڕژاو ، ناوی لێکدراو .

١- ناوی سادە : ئەو ناوەیە کە لە بنەڕەتدا هەیەو وشەیەکی واتادارەو هیچ پاشگرو پێشگرێکی پێوە نییە ، وەك : چاو ، دار ، بەرد ، پێست ، ژن ، پیاو ، کچ ، گەرد ، رەز .
٢- ناوی داڕژاو : ئەو ناوەیە کە لە ناوێکی سادەو پاشگر یان پێشگر پێك دێت ، وەك : کوردستان ، خوێندنەوە ، مەلەوان ، فێرگە .
٣- ناوی لێکدراو : ئەو ناوەیە کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان پتر پێك دێت ، کە بە هۆی ئامرازی پێوەندی (ە)وە دەدرێنە دەم یەکدی ، وەك : چەمچەماڵ ، دووربین ، ڕەشەبا ، خۆرهەڵات ،

شاسوار ، ( کە هەندێك جار لەو ناوانە لە هاوەڵناوی سادەو ڕەگی کار دروست دەکرێن ) .

هەروەها ناومان هەیە ماتریاڵەو دەبینرێت ، هەشە ناوی واتاییەو نابینرێت ، بۆیە لە شیکردنەوەدا ناوی (بەرجەستە)و ناوی (واتایی) بۆ ئەو دو جۆرە ناوانە بەکاردێنین .

کەواتە ئەگەر ناوێکمان لە ڕستەدا بەرچاو کەوت ، دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت ئەو ناوە : نێرە ، یان مێ ، تاکە یان کۆ ، تایبەتییە یان گشتی ، ناسراوە یان نەناسراو ، سادە یان دارِژاو یان لێکدراو ، بەرجەستەیە یان واتایی ، نموونە :

١- کوردستان گەرِام .

کوردستان : ناوە ، تاکە ، تایبەتییە ، دارِژاوە ، بەرجەستەیە ( ناوی وڵاتی کوردانەو بە چاو دەبینرێت ) ، ناسراوە ، بێ لایەنە ، بەرکارە .

٢ – سێوەکەیان خوارد .

سێوەکە : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرجەستەیە ، سادەیە ، بێ لایەنە ، بەرکارە .

٣ – برایەتی نێوانمان پتەو دەکەین .

برایەتی : ناوە ، تاکە ، نەناسراوە ، دارِژاوە ، واتاییە ، بێ لایەنە ، بەرکارە .

٤ – کەوەکەم بینی هەڵدەفرِی .

کەوەکە : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، دوو لایەنە ، سادەیە ، بەرکارە .

٥ – دڵشاد نەهاتووە .

دڵشاد : ناوە ، تاکە ، تایبەتییە ، ناسراوە ، لێکدراوە ، کارایە .

هەروەها دەکرێت ئەو ناوانە ئەرکی دیکەی وەك تەواوکەری بەیاریدەو تەواوکەری ناوو جێگری کاراو لە ناو ڕستەدا وەربگرن و بە پێی ئەرك و شوێنیان شی بکرێنەوە .

## کارو چۆنیەتی شیکردنەوەی کار

کار لە زمانی کوردیدا لە چاووگەوە وەردەگیرێت ، چاووگیش سێ جۆری هەیە : رووت یان سادە ، داڕژاو ، لێکدراو ، سادە هەر لە بنەڕەتدا لە یەك وشە پێکهاتووە ، داڕژاویش پاشگرو پێشگری وەرگرتووەو ، لێکدراویش لە دوو وشە یان پتر پێك دێت ، وەك :

| چاووگی سادە | چاووگی داڕژاو | چاووگی لێکدراو |
|---|---|---|
| خواردن | خواردنەوە | دەستگیرکردن |
| گرتن | هەلگرتن | پیاوکوشتن |
| بردن | بردنەوە | چاوپۆشین |
| سووتان | سووتانەوە | سەرلێدان |
| کڕین | هەڵفڕین | گوێلێگرتن |

بەم شێوەیە کار لە زمانی کوردیدا لە سێ جۆرە چاووگەوە وەردەگیرێت و دەبێت لە شیکردنەوەدا هەر سێ جۆرەکە دەست نیشان بکرێت ، واتە دەبێت بگوترێت کارەکە سادەیە یان دارِژاو یان لێکدراوە .

لە ڕووی هێزیشەوە کار لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە : کاری تێپەڕو کاری تێنەپەڕو کاری بێهێز ، کاری تێپەڕ ئەو کارەیە کە کارای هەیەو بەرکاریش وەردەگرێت ، بەلام کاری تێنەپەڕ لە ڕستەدا تەنیا کارا وەردەگرێت ، هەرچی بێهێزە ئەوە تەنیا (نیهاد)ی لە ڕستەدا دەبێت ، وەك :

١- تێپەڕ : ئازاد سێوەکەی خوارد .

ئازاد : کارایە . سێوەکە : بەرکارە . خوارد : کاری تێپەڕە .

٢- تێنەپەڕ : ئازاد چوو .

ئازاد : کارایە . چوو : کاری تێنەپەڕە .

٣- نەسرین زیرەکە .

نەسرین : نیهادە . ە : کاری بێهێزە .

لەڕووی کاتیشەوە کار لە زمانی کوردیدا سێ جۆری هەیە : کاری ڕابوردوو ، کاری ڕانەبوردوو ، کاتی ئێستە .

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە کار چوار شێوازی هەیە : شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ، شێوازی ڕێژەی دانانی ، شێوازی ڕێژەی داخوازی ، شێوازی ڕێژەی مەرجی .هەروەها کار لە زمانی کوردیدا بە پێی دەم و کەس و ژمارەی کەسەکە شەش ڕێژەی هەیە :

١- تێپەڕ :

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | نووسیم | نووسیمان |
| دووەم | نووسیت | نووسیتان |
| سێیەم | نووسی | نووسییان |

٢- تێنەپەڕ :

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | نوستم | نووستین |
| دووەم | نوستیت | نوستن |
| سێیەم | نوست | نوستن |

ئەمە ئەگەر کارەکە لە چاووگی سادەوە وەرگیرابێت و ڕابوردوو بێت ، کە لە زمانی کوردیدا چوار جۆرە کاری ڕابوردوومان هەیە :

١- ڕابوردووی رووت (سادە) .

٢- ڕابوردووی تەواو .

٣- ڕابوردووی بەردەوام .

٤- ڕابوردووی دوور . وەك :

کوشتن: کوشت ، کوشتووە ، دەکوشت ، کوشتبوو. (چاووگی رووت یان سادە).
هەڵفڕین: هەڵفڕی ، هەڵفڕیوە ، هەڵدەفڕی ، هەڵفڕیبوو . (چاووگی داڕژاو).
دەستگیرکردن : دەستگیرکرد ، دەستگیرکردووە ، دەستگیر دەکرد ، دەستگیرکردبوو . ( چاووگی لێکدراو ) .

ئەمە لە تافی ڕابوردوودا ، بەڵام لە تافی ڕانەبوردوودا ، کاری ڕانەبوردوو بە پێی دەم و کەس و ژمارەی کەسەکە لە ڕەگی چاووگەوە وەردەگیریت و نیشانەی (دە)ی ڕێژەی دەچێتە پێش و جێناوە لکاوەکانیشی دەچێتە سەر ، وەك :

١- تێپەڕ :

| چاووگ | ڕەگ | کاری ڕانەبوردوو |
|---|---|---|
| بردن | بە | دەبەم |

چاووگی : بردن

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | دەبەم | دەبەین |
| دووەم | دەبەیت | دەبەن |
| سێیەم | دەبات | دەبەن |

٢- تێنەپەڕ :

چاووگی : نوستن :

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | دەنووم | دەنووین |
| دووەم | دەنویت | دەنوون |
| سێیەم | دەنوێت | دەنوون |

٣- کاری بێهێز :

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | زیرەکم (.) | زیرەکین (.) |
| دووەم | زیرەکیت (.) | زیرەکن (.) |
| سێیەم | زیرەکە (ە) | زیرەکن (.) |

لێرەدا بزوێنی کارە بێهێزەکە لە هەر پێنج کەسەکەدا بە هۆی هاتنی (جێناوە لکاوەکان)ەوە تێیدا چووە ، بەلاّم بۆ سێیەمین کەسی تاك دەرکەوتووە کە (ە)یە .

بەم شێوە دەتوانین هەموو جۆرە کارێکی رووت و دارِژاوو لێکدراو لەناو ڕستەدا لە تافی ڕابوردوو، ڕانەبوردوودا بەکاربهێنین و ، لە کاتی شیکردنەوەدا دەبێت بنووسین : کارەکە ڕابوردوو یان ڕانەبوردوو ، تێپەڕ یان تێنەپەڕ ، سادە یان دارِژاو یان لێکدراو ، ڕاگەیاندن یان دانانی یان داخوازی یان مەرجییە . هەرچی کاری دانانیە لە زمانی کوردیدا ، ئەو کارەیە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵە بەدەستەوە نادات کە دەدرێتە

پاڵ کەسێك یان شتێك بەڵکو لە شێوەی گومان یان ئارەزوو یان ئاوات و مەبەستدا دەردەکەوێت و چوار جۆری هەیە :

١- رابوردووی رووتی دانانی :

یاسا : پێشگر + قەدی چاووگ + پاشگر :

کەوتن : ب + کەوت + أیە = بکەوتایە .

٢- رابوردووی تەواوی دانانی :

یاسا : قەد + پاشگر + جێناو

= کەوت + ب + م = کەوتبم

٣- رابوردووی دووری دانانی :

یاسا : قەد + بوو + پاشگر

کەوت + بوو + ایە = کەوتبووایە

٤- رانەبوردووی دانانی :

ئەم رێژەیە لە رانەبوردووی راگەیاندن پێك دێت پاش ئەوەی نیشانەی رێژەی رانەبوردووی (دە) بە (ب) دەگۆڕین ، وەك :

دەچین ———— بچین

دەکڕین ———— بکڕین

دەکوژین ———— بکوژین

رێژەی مەرجیش لە زمانی کوردیدا لە هەردوو رێژەی راگەیاندن و دانانییەوە وەردەگیرێت و رێژەی داخوازیش تەنیا بۆ دوو کەس بەکاردێت ، بۆ دووەمین کەسی تاك و دووەمین کەسی کۆ ، وەك :

| چاووگ | کاری داخوازی بۆ دووەمین کەسی تاك | کاری داخوازی بۆ دووەمین کەسی کۆ |
|---|---|---|
| ڕۆیشتن | بڕۆ | بڕۆن |
| خواردن | بخۆ | بخۆن |
| کڕین | بکڕە | بکڕن |
| ڕاسپاردن | ڕاسپێرە | ڕاسپێرن |

نموونەیەك بۆ شیکردنەوە : کتێبەکە بهێنە .

کتێبەکە : ناوە ، تاکە ، رووتە ، ناسراوە ، بەرجەستەیە ، بێ لایەنە ، بەرکارە .

بهێنە : کاری داخوازییە ، رووتە ، تێپەڕە .

ە : جێناوی لکاوی دووەمین کەسی تاکە، کارایە .

ئەگەر کارەکە بۆ دووەمین کەسی کۆ بێت دەبێتە ( بهێنن ) . ئەو کات (بهێنن) واشی دەکرێتەوە : کاری داخوازییە ، رووتە ، تێپەڕە .

ن : جێناوی لکاوی دووەمین کەسی کۆیە ، کارایە .

## هاوەڵناوو چۆنیەتی شیکردنەوەی هاوەڵناو :

هاوەڵناو ئەو وشەیە کە سیفەتێك بە ناوێك دەبەخشێت و لە ناوەکانی دیکەی جودا دەکاتەوەو سێ جۆری هەیە : سادە ، دارِژاو ، لێکدراو . ئەم هاوەڵناوانەیش هاوەڵناوی کاراو هاوەڵناوی کراوی دارِژاوو لێکدراویان تێدایە ، بەردەوام لە ڕستەدا ناوەکانی پێش خۆیان تەواو دەکەن ، بەلاّم ئەگەر

ناوێك یان جێناوێك تەواو نەکەن ئەو کات وەك ناو بەکاردێن و هەموو ئەرکەکانی ناو وەردەگرن ، واتە دەبنە کاراو بەرکارو تەواوکەری بەیاریدەو جیگری کارا . ئەمەیش جۆرەکانی هاوەڵناوە :

| هاوەڵناوی سادە | هاوەڵناوی دارِژاو | هاوەڵناوی لێکدراو |
|---|---|---|
| پاك | ناپاك | جگەرەکێش |
| جوان | ترسنۆك | دارتاش |
| نەرم | نووسەر | بالآبەرز |
| سپی | مەلەوان | دوودڵ |

هەڵبەتە هاوەڵناوی دارِژاوو لێکدراو بە چەندین شێوە دروست دەکرێن ، بەلآم هەر هەموویان لە ناو رِستەدا دەبنە تەواوکەری ناوو جۆرەکانیان دیاری دەکرێت ، کە ئاوەڵناوی رووت یان دارِژاو یان لێکدراون ، نموونە :

١- پیاوی زانا بدوێنە .

پیاو : ناوە ، تاکە ، نەناسراوە ، سادە ، نێرە ، بەرکارە .

ی : ئامرازی دانە پاڵە ( پێوەندی ) .

زانا : هاوەڵناوی دارِژاوە ، تەواوکەری ناوی (پیاو)ە .

بدوێنە : کاری داخوازی تێپەرِە ، رووتە .

ە : جێناوی لکاوی دووەمین کەسی تاکە ، کارایە .

٢- مرۆڤی جگەرەکێش نەخۆش دەکەوێت .

لێرەدا : جگەرەکێش : هاوەڵناوی لێکدراوە ، تەواوکەری ناوی (مرۆڤ)ە .

# هاوەڵکارو چۆنیەتی شیکردنەوەی هاوەڵکار

هاوەڵکار ئەو پەیڤەیە کە واتای ڕوودانی کارێك لە ڕستەدا تەواو دەکات ، بەڵام کاریگەری کارەکەی لەسەر نابێت و چەند جۆرێکی هەیە وەك هاوەڵکاری کاتی ( بەیانی ، شەو ، هەرگیز ، لەمێژە .........)و هاوەڵکاری شوێنی ( سەر ، ژێر ، پاش ، پێش ، خوارێ ، لەناو ، لەتەنیشت ،...........)و هاوەڵکاری چۆنیەتی ( مەردانە ، شێرانە ، شێتانە ، بەگریان ، بەقنجی ،..........)و هاوەڵکاری ڕێکخستن ( تاوتاو ، دوو دوو ، پۆل پۆل ..........)و هاوەڵکاری چەندی ( زۆر ، کەم ، هەندێك ، فرە .........) .

ئەم پەیڤانە دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکە ، کارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت ، بێ ئەوەی کاریگەری کارەکەیان لەسەر بێت .

نموونە : ئازاد ئەم ساڵ گەلێك زیرەکانە وانەکانی خوێند .

ئەم ساڵ : هاوەڵکاری کاتییە ، تەواوکەری کاری (خوێند)ە .

گەلێك : هاوەڵکاری چەندییە ، تەواوکەری کاری (خوێند)ە .

زیرەکانە : هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کاری (خوێند)ە .

## ئامرازەکان

ئەو ئامرازانەی لە زمانی کوردیدا هەن بریتین لە ئامرازی پێوەندی و ئامرازی خستنە پاڵ و دانە پاڵ و ئامرازی پرس و لێکدان ، کە ئەمانە لەناو ڕستەدا دێن و ئاماژە بە جۆرەکانیان دەکرێت . لەوانەیش : ( لە — دا ، بە

— دا ، لە — وە ، بە ، لە ، بۆ ، و ، بەڵام ، چونکە ، یان ، ئەنجا ، کە ، وەك ، تا ، ە ) .

نموونە :

١- کاتێك هاتم لە ماڵ نەبوویت .
٢- بە ئۆتۆمبیل گەشتێکمان کرد .
٣- تۆ بە هەورازدا سەردەکەوێت .
٤- نامانەوێت لەم ئاقارەدا بتبینین .
٥- ئێمە لە هەولێرەوە هاتووین .
٦- هەردووکمان بۆ دهۆك چووین .
٧- من و تۆ هەردووکمان هاوڕێی یکدیین .
٨- چاوەڕێم کردیت بەڵام تۆ نەهاتیت .
٩- ئەو خانووە ناکڕم چونکە گرانە .
١٠- کوردستان یان نەمان .
١١- بە بازاڕدا تێپەڕیم ئەنجا میوەم کڕی .
١٢- ژوانەکەم بیرکەوتەوە کە تۆم بیبنی .
١٣- دەچمە قوتابخانە تا خوێندن فێر بم .
١٤ - من وەك تۆ دەخوێنمەوە .

لەم ڕستانەدا ( لە ، بە ، لە - دا ، بە - دا ، لە — وە ، بۆ ، و ، بەڵام ، چونکە ، یان ، کە ، ە ، وەك ) ئامرازی پێوەندی و دانەپاڵ و لێکدانن و بەو شێوە لە کاتی شیکردنەوەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت .

هەروەها لە رستەی :

١- کێ پرسیاری لێ کردیت ؟

٢- چی دەکەیت ؟

٣- چۆنیت؟

٤- کام بابەت دەخوێنیتەوە ؟

٥- کەی دەچیتەوە ؟

٦- بۆ داماویت ؟

(کێ ، چی ، چۆن ، کام ، کەی ، بۆ ) هەموویان ئامرازی پرسن و هەر یەکەو ئەرکیشیان لە ڕستەدا هەیە، لە کاتی شیکردنەوەدا ئاماژەیان پێدەکرێت .

هەولێر ٢٥-٥-٢٠٠٤

سەرچاوەکان

١- ئاسۆیەکی تری زمانەوانی : پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین _ هەولێر – ٢٠٠٤ .

٢- ڕێزمانا کوردی : صادق بەهائەدین ئامێدی – بەغدا ١٩٨٧ .

٣- زمان و ئەدەبی کوردی – بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی _ هەولێر ٢٠٠٢ .

٤- تێبینییەکانی خۆم لە کاتی وانە گوتنەوەدا .

# سەرەخامەك بە لای
# هەڵبەجەماندا !!

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هندۆ - ئەورووپییەکان، لە گرووپی زمانانی ئێرانی، کە بنکەو بنەماو دەستووری ڕێزمانیی خۆی هەیەو سەربەخۆیی زمانەکە دەسەلێنن و دووپاتی دەکەنەوە کە ئەم زمانەیش هیچی لە زمانە سەربەخۆو زیندووەکانی دیکەی ولاتان و گەلانی جیهان کەم نییە، ئەگەرچی لە ماوەی سەدەی ڕابوردوو و پێشتریش نووسەران و زانایان و شارەزایانی زمانی کوردی هەوڵیان داوە دەستووری ئەم زمانە بە ڕێك و پێکی دابنێن و لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت تا کوڕان و کچانی کورد فێری ئەو دەستوورەی زمانە شیرینەکەی خۆیان ببن و بتوانن بە پێی ئەو دەستوورو بنەماو بنکانە بنووسن و بەهەڵەدا نەچن و بە شێوەیەکی دروست بیر بکەنەوەو لە نووسیندا پێڕەوی ئەو دەستوورانە بکەن، کەچی تا هەنووکە زۆر دەستووری زمانەکە هەن هەر بەنهێنی ماونەتەوەو پەییان پێ نەبراوەو ساڵ نییە پسپۆڕو شارەزایانی ئەم زمانە ڕەسەنە کە لە چەندین شێوە زار پێك دێت و هەر هەموویان لە بنکەو دەستوورەکاندا یەك دەگرنەوەو دەیسەلێنن کە زمانەکە یەك زمانەو ئەو شێوە زارانەی لەبەر هۆکاری جوگرافی و سروشتی و لێك دابڕانی ناوچەو دەڤەرەکان لێ بووەتەوەو بە هەر هەموو ئەو شێوە زارانە زمانەکە ئەوەندەی دیکە دەوڵەمەند دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەی هەشتا ساڵێکە زمانی کوردی و ڕێزمانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا بووەتە زمانی خوێندن لە قوتابخانەکانداو، بۆ ئەم مەبەستەیش چەندین کتێب بۆ قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن دانراون و دەستوورەکانی زمانەکە لە لایەن ماموستایانی زمانی کوردییەوە بۆ قوتابیان ڕوون دەکرێنەوەو لەم ساڵانەی دواییشدا پاش ڕاپەڕین چاو بە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغی

سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیدا خشێنرایەوە تەنیا کتێبی شەشەمین پۆلی دواناوەندی نەبێت کە هەر وەك خۆی ماوەتەوەو چاوی پێدا نەخشێنراوەتەوە، ئەو کتێبانەیش هەندێك کەم و کورتی هەڵەی دەستووریی زمانیان تێدا بەرچاو دەکەوێت کە پێویستە ڕاست بکرێنەوە، ئێمەیش لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە هەندێك لەو هەڵانە بکەین و ڕاستیان بکەینەوە وێڕای ئەوانەیش ئاماژە بە چەندین هەڵەی دیکە بکەین کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم سەردەمەو لە ڕادیۆو تەلەڤزیۆندا دەبینرێن و بەرگوێ دەکەون، بە هیواین هەڵەکان ڕاست بکرێنەوەو دەزگە پێوەندیدارەکان بە دوایاندا بچن و بەبڕیاری پێویست چارەی تەواویان بۆ بدۆزنەوە .

یەکێك لەو هەڵە زەقانەی کە تا هەنووکە لە ناو ئەو کتێبانەی قوتابخانەدا ماون و بوونەتە هەڵەیەکی باو لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانی ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندی (تەرتیبی)یە، کە ئەو هەڵەیە لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوەو ئەوانەی بە عەرەبی بیر دەکەنەوەو دەنووسن پەییان پێ نەبردووە بۆیە ئەو هەڵەیە تەشەنەی کردووەو زۆر کەس لایان وایە ڕاستە کەچی ڕاست نییەو کوتوموت لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بووەتە دیاردەیەکی تەشەنەسەندووی نێو زمانەکەو زۆرتر لەڕێزماندا بەکاردێت و لەنووسینی نووسەرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە .

هەڵەکەیش ئەوەیە کە بۆ یەکەمین و دووەمین و سێیەمین کەسی تاك و کۆ ، کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ بەکارهاتووەو تا هەنووکە لە بابەتەکانی ڕێزمانی کوردیی قوتابخانەکاندا وەك خۆی ماوەتەوەو هەر

دەنووسن کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم، کە وەرگێڕانی دەقاودەقە لە زمانی عەرەبییەوە کە دەنووسن( الشخص الاول والثاني والثالث) تاك بێت یان کۆ، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە زمانانی هندۆ ئەورووپییەو لەم ڕووەوە لەگەڵ زمانی ئنگلیزیدا یەك دەگرێتەوە کە دەگوتریت ( First person singular ) یان بۆ یەکەمین جەنگی جیهانی دەگوترێت ( First world war) کەچی لە نووسینی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا دەنووسرێت (جەنگی جیهانی یەکەم) وەك ئەوەی بڵێیت یەکەمەکە بۆ جەنگەکە نەگەڕێتەوەو بۆ جیهانەکە بگەڕێتەوە چونکە بەعەرەبی کاتێك دەگوترێت ( الحرب العالمية الأولى ) پەیڤی (الأولى) بۆ (الحرب) دەگەڕێتەوە نەك بۆ (العالم) بۆیە بە کوردی دروست ترە بڵێین (یەکەمین جەنگی جیهانی) چونکە یەکەم ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندییەو بۆ جەنگ دەگەڕێتەوەو تەواوی دەکات ئامرازی تەواوکردنەکەیش (ی)یە کە کەوتووەتە نێوان هەردووکیانەوەو پێکەوەی لکاندوون و واتای یەکدییان تەواو کردووە .

بەم پێیە دەتوانین بڵێین یەکەمین کەسی تاك ، دووەمین کەسی تاك ، سێیەمین کەسی تاك ، یەکەمین کەسی کۆ ، دووەمین کەسی کۆ ، سێیەمین کەسی کۆ، نەڵێین کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ، چونکە لە زمانی کوردیدا بەردەوام ئاوەڵناوی ژمارەی ڕیزبەندی لە پێشی ناوی ژمێرراوەوە دێت و تەواوی دەکات ئەگینە لەناو ڕستەدا بێت جۆرە شێواندن و گومانێك دروست دەبێت وەك بگوترێت : جەنگی جیهانی یەکەم ، پۆلی یەکەم ، پۆلی شەشەم، کە ڕاستەکەیان ئەوەیە بگوترێت : یەکەمین جەنگی جیهانی، یەکەمین پۆل، شەشەمین پۆل ، نەك لەبەر ئەوەی ئەمە دروست و

ڕاستە بەڵکو لە بەکارهێنانی دیکەیشدا ئەم شێوە دەردەکەوێت وەك دەگوترێت : ئەوەڵ بەهار ، واتە یەکەمین بەهار یان سەرەتای بەهار، ئەمەیش ڕاستی و دروستی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم ئاوەڵناوی ژمارەیە بەو شێوە بەکار بهێنرێت .

لێرەشدا خشتەیەك لەمەڕ هەڵەو ڕاستیی بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوی ژمارەیە دەخەینە ڕوو :

| هەڵە | ڕاست |
|---|---|
| کەسی یەکەمی تاك | یەکەمین کەسی تاك |
| کەسی دووەمی تاك | دووەمین کەسی تاك |
| کەسی سێیەمی تاك | سێیەمین کەسی تاك |
| کەسی یەکەمی کۆ | یەکەمین کەسی کۆ |
| کەسی دووەمی کۆ | دووەمین کەسی کۆ |
| کەسی سێیەمی کۆ | سێیەمین کەسی کۆ |
| جەنگی جیهانی یەکەم | یەکەمین جەنگی جیهانی |
| پۆلی شەشەم | شەشەمین پۆل |
| پلەی یەکەم | یەکەمین پلە |
| ساڵی یەکەم | یەکەمین ساڵ |
| خەونی یەکەم | یەکەمین خەون |
| کۆڵانی شەشەم | شەشەمین کۆڵان |
| دەرگەی پێنجەم | پێنجەمین دەرگە |

ئیدی بەم شێوەیە پێویستە ئەم جۆرە هەڵانە لە کتێبەکانی خوێندندا ڕاست بکرێنەوەو ماموٚستایانی پسپۆڕی زمانی کوردی بەو بەکارهێنانەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوەی ژمارەی ڕیزبەندیدا بچنەوەو نووسەرو ڕۆشنبیرانیش لە نووسینەکانیاندا پێڕەوی شێوەی دروستیان بکەن و ڕێ نەدرێت ئەم هەڵانە چی دیکە تەشەنە بکەن، تا ماموٚستایانی زمان و وێژەی کوردیش ئەو شێوە دروستە فێری قوتابیان بکەن و لەمەولا بەدروستی شارەزاو ئاگەداری ڕێزمان و دەستوورەکانی زمانەکەی خۆیان ببن و بتوانن بە شێوەیەکی دروست بئاخفن و بنووسن .

## هەڵەی باوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

لە سەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بلاّوکراوەکان و لە هەواڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و دووانی ڕۆشنبیران و نووسەرو پڕوپاگەندەی کۆگەو شوێنی گشتی و میوانخانەو سیمینارو کۆڕو فیستیڤاڵ و بانگهێشتی میوانان بۆ ئامادەبوون لە شایی و ئاهەنگی جۆراجۆردا، هەڵەی ناقۆلاّی وا بەرچاو دەکەوێت کە سەری مرۆڤ لە ئاستیاندا سپی ببێت و لە داخیاندا یەخەی خۆی دانەدڕێت، ئەگەرچی بەخۆم و کەسانی دیکەیش لەو هەڵانە دەدوێین و پەنجەیان دەخەینە سەرو دەستنیشانیان دەکەین، کەچی نازانین کەس ناخوێنێتەوەو چاوی بەو ڕاستکردنەوانە ناکەوێت ، یان ئێمە گەلێکی نووسەرین ، هەر دەنووسین و شتی خۆمان ناخوێنینەوە؟؟؟ چونکە چەند هەڵە ڕاست بکەینەوە هەر لەسەر بەکارهێنانی هەڵە سوور دەبین و هەوڵ نادەین لە شوێنی خۆمان ببزوێین !!!

یەکێك لەو هەڵە باوانەی لە نووسین و قسەکردنیشدا بەرچاوو بەرگوێ دەکەوێت هەڵەی( هەڵدەسێت بە کردنەوەی پیشانگەیەك یان خولێك یان

پرۆژەیەك یان سازدانی ئاهەنگێك یان ڕێکخستنی شایی و زەماوەند یان مەولوود یان هەر بۆنەیەکی دیکە) کە ئەمەیش کوتوموت لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوەو دەقاودەق کراوەتە کوردی، عەرەبییەکەیشی ( يقوم بإفتتاح دورة أو مشروع أو معرض ...)ە، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا ناگونجێت و کورد دەڵێت ( پیشانگەیەك دەکەمەوە ، ئاهەنگ سازدەدەم، خولێك دەکرێتەوە، پرۆژەیەك دەکاتەوە، ئاهەنگ دەگێڕم، شایی یان زەماوەند دەکات، مەولوودێك ڕێك دەخات) بێ ئەوەی ڕستەکە لەشێوازی بەکارهێنانی کوردەوارییەوە دوور بێت .

هەروەها زۆر جار لە مانشێتی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێکدا ڕستەی (کۆبوونەوەیەکی سازدا ) دەبینین، ئەمەیش هەڵەیەکی زەقە، چونکە دوو چاووگی تێدا بەکارهاتووە، یەکێکیان لە شێوەی چاووگ و ئەوی دیکە لە شێوەی کاردا، کۆبوونەوە چاووگەو سازدایش کاری ڕابوردووە، ئەمەیش لە کوردیدا نەبیستراوە چونکە چاووگی (کۆبوونەوە سازدان) نییەو (کۆبوونەوە) بەخۆی کاری لێ وەردەگیرێت و (سازدان)یش چاووگەو کاری لێوەردەگیرێت و دەتوانیین بڵێین پەرلەمان کۆبووەوەو وەزیری دەرەوە کۆنگرەیەکی سازدا، هەر چاووگەو بۆ کارێکی سەربەخۆ بەکاردیت، بۆیە ئەو جۆرە بەکارهێنانی دوو چاووگە بۆ دەربڕینی یەك کار هەڵەیەو لە زمانی عەرەبییەوە تەشەنەی کردووەتە ناو زمانی کوردییەوەو پێویستە ئێمەی کورد بە شارەزایان و مامۆستایان و خوێنەرانەوە ڕاستیان بکەینەوە .هەروەها (بۆی نییە)و (بوونی نییە)و (هاتن بۆ هەمووانە)و(دەرگاکە کراوەیە) کە بەڕای من (دەرگە) دروستترەو چەندین هەڵەی زەق و باوی دیکە بەرچاو دەکەون کە هەریان بەسەر زمانی کوردییەوە نییەو پێویستە

پەی بە چۆنیەتی هاتنیان ببەین و لە جیاتییان شێوە ڕاستەکانیان بەکار بهێنین .

لە جیاتی ئەو هەڵانە لە زمانی کوردیدا دەربڕین و ئیدیۆم و شێوەی دروست هەن وەك لە جیاتی (بۆی نییە) کە لە ( لایجوز لە )ی عەرەبییەوە دەقاودەق کراوەتە کوردی، کارێکمان هەیە پڕ بە پێستی ئەو دەربڕینەیە ئەویش (ناتوانێت)ە ، کاتێك دەگوترێت( کەس ناتوانێت توخنی بکەوێت) یان ( تۆ ناتوانیت ئەو کارە بکەیت) بەواتای ئەوەی ئیشی تۆ نییەو ئیشی کەسی دیکەیە، هەروەها (بوونی نییە) لە کوردیدا بەرانبەری هەیە ئەویش (نییە)یە بە تەنیاو پێویست بە گوتنی (بوون) ناکات، لە کاتێکدا ( هاتن بۆ هەمووانە) دەقاودەق لە ( الدعوة عامة )وە هاتووەو کورد زۆرتر کار بەکاردەهێنێت و بۆ ئەمەیش دەڵێت ( هەموو کەسێك دەتوانێت ئامادە بێت)، جگە لە ( دەرگاکە کراوەیە) کە ئەویش لە (مفتوح)ی عەرەبییەوە وەرگیراوەو بە هەڵە کراوەتە کوردی چونکە هەر زمانەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆیە کورد دەبێژێت (دەرگەکە کراوەتەوە) نەك (کراوەیە)، لەبەر ئەوەی کورد دەڵێت دەرگەکە دەکەمەوەو کردمەوەو کراوەتەوەو دەکرێتەوەو بکرێتەوە نەك کراوەیە، چونکە ئەگەر گوتمان ( ئیشەکە کراوە) ئەوە دەبێتە کاری کارا نادیارو کاراکەی لە ڕستەکەدا نابێت بەڵکو ( ئیشەکە ) دەبێتە جێگری کارا ، بۆیە دەربڕینی (درگەکە کراوەیە) دروست نییەو لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدایە پێویستە ئەو دەرگەیانەی ئەم نووسینەیان لەسەر نووسراوە نووسینەکە بسڕنەوەو لە کاتی کردنەوەدا نووسینە ڕاستەکەی لەسەر بنووسن ، بەوەیش هەڵەیەکی دیکە لە زمانەکەدا دەسڕینەوە .

چونکە ئەو جۆرە کارە لە زمانی کوردیدا پێی دەگوترێت کاری ڕابوردووی تەواو ، ئەم کارەیش لە ڕابوردووی بکەر دیاردا لە ڕابوردووی سادەو پاشگری (ووە) بۆ چاووگە تائی و دالییەکان و پاشگری (وە) بۆ چاووگە یائی و واوی و ئەلفییەکان دروست دەکرێت ، وەك :

کردن کرد کرد + ووە ———— کردووە

کوشتن کوشت کوشت + ووە ———— کوشتووە

کڕین کڕی کڕی + وە ———— کڕیوە

دروون دروو دروو + وە ———— درووە ( لێرەدا بە پیتی عەرەبی دبێتە سێ واو بۆیە یەك واویان نانووسین ) .

سووتان سووتا سووتا + وە ———— سووتاوە

بەڵام لە باری کاری کارا نادیاردا کارەکە لە چاووگی نادیارەوە وەردەگیرێت وەك :

کران کرا کرا + وە ———— کراوە

کوژران کوژرا کوژرا + وە ———— کوژراوە

کڕران کڕرا کڕرا + وە ———— کڕراوە

بۆیە لە چاووگی کارا نادیاری کران کاری کراوەو کراوەتەوەو دەکرێتەوەو بکرێتەوەو بکرایەتەوەو کرابووەوەو دەکرایەوە وەردەگیرین کە هەر هەموویان کاری کارا نادیارن و ڕاستترە بڵێین ( دەرگەکە کراوەتەوە ) نەك کراوەیە کە هەڵەیەکی زەقەو نەخوێندەواریش هەستی پێ دەکات .

با بێینە سەر بەکارهێنانی ئاوەڵناوی پلەی بەراوردی ( تر ) و ئاوەڵناوی ( دیکە ) و (دی )و دەستەواژەی ( کامیرای هەڵگیراو ) کە لە نووسین و بڵاوکراوەکاندا بەرچاو دەکەون .

ئەوەی زانراوە کە ئاوەڵناوی (تر) و (ترین) بۆ پلەی بەراوردی باڵاو باڵاترین بەکاردێن، کەچی زۆر کەس هەن لە جیاتی (دیکە) و (دی) و (اخر)ی عەرەبی بە هەڵە ئەم (تر) و ( دیکە)یە لە بری یەکدی بەکاردێنن چونکە (تر) ئاوەڵناوی بەراوردەو بۆ وەسف کردنی شتێك یان کەسێك بەکاردێت بەڵام (دیکە) و (دی) بۆ ژمارەی شت یان کەسە باسکراوەکە بەکاردێت وەك :

پیاوێکی دیکەم بینی .

خانوویەکی دیکەمان کڕی .

لەدایکبوونێکی دیکە .

سێوێکی دیکە هەلگرە .

جارێکی دیکە دەتبینمەوە .

هەرچی (تر)ە ئەوە بۆ بەراورد بەکاردێت وەك :

خانوویەکی باش .　　　خانوویەکی باشتر .　　　باشترین خانوو .

کەچی تا هەنووکە لە ناوچەیەکی زۆری هەرێمی کوردستان و زۆر لە نووسەران لە نووسین و قسەکردندا ئەو دوو پەیڤە بە هەڵە لە جیاتی یەکدی بە کاردێنن، ئەمەیش پێویست دەکات لەمەولا ئەو هەڵەیە بەکارنەهێنرێت و بەرپرسانی دەزگە ڕۆشنبیریو گۆڤارو ڕۆژنامەکان بە نووسینی نووسەرەکان و بابەت و هەواڵەکانیاندا بچنەوەو ڕێ نەدەن ئەم جۆرە هەڵە باوە تەشەنە بکات .

کامیرای هەلگیراویش دەقاودەق لە زمانی عەرەبییەوە بە هەڵە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی بۆیە ڕاستتر وایە بڵێین ( کامیرای سەر شان ) کە کوردییەکی پڕ بەپێستی خۆیەتی و کامێراکەیش لەسەر شانەو وێنەگران کە لەم سەردەمەدا زۆر بوونەو خوا زۆرتریان بکات لەسەر شانیان

دایدەنێن تا وێنەی چالاکی جۆراوجۆری پێبگرن و بۆ کەناڵەکانیان بگوێزنەوەو پەخش و بڵاوبکرێتەوە .

تا ئێرە باسی ئەو چەند هەڵانەمان کرد کە لە کتێبەکانی خوێندن و لە سەر زارو لە کاتی نووسین و ئاخاوتن و قسەکردندا هەن و بەرچاو دەکەون و دەبیسترێن، لەگەڵ دەستنیشانکردنی شێوە دروستەکانیناندا، هیواداریین توانیبێتمان خزمەتێکمان بە زمانەکەمان گەیاندبێت و جێی پەسەندی خوێنەرانیش بێت .

١-١٠-٢٠٠٤

# ڕۆڵی سۆفیکسی (گە) لە زمانی کوردیدا

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووە سەربەخۆکانی سەر بە زمانە هیندۆئەورووپیەکان ، لە کۆمەڵەی هیندۆ ئاری یان کۆمەڵەی هیندۆ ئێرانی ، کە لە چەند دیالێکتی سەرەکی و بێچووە دیالێکت یان لقە دیالێکت پێکهاتووە، زمانناسان ئەو دیالێکتە سەرەکییانە بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشان دەکەن :

أ - کرمانجی باکوور ب - کرمانجی ناوەڕاست ج - کرمانجی باشوور د - دیالێکتی گۆران .

ئەم دیلێکتە سەرەکییانە چەندان لقیان لێدەبێتەوە ، کە بە هۆی بارودۆخی ڕامیاری و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتوون ، لە شێوەی فۆنەتیك و گۆکردن و داڕشتنی رستەو بەکارهێنانی کارو نێرو مێدا هەست بە جیاوازی دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتی وشـەو چاووگ و دروستبوونی وشەدا بە یەکدی دەگەنەوە، ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە ، کە زمانی کوردی بە هەموو شێوەو دیالێکتەکانیەوە زمانێکی ڕەسەنەو بارودۆخی دوورو درێژی مێژوو نەیتوانیوە لە کاری بخات و ڕێی پەرەسنەندنی لێ بتەنێتەوە .

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە لە شێوەی وشە دروستکردن و دەوڵەمەندبوونیدا پەنا دەباتە بەر پێکەوەلکاندن و پێکەوە نووساندنی دوو وشە یان وشەیەك و پاشگرو ناوگرو پێشگر بۆ وەدەستهێنانی وشەی نوێ بۆ مەبەستی نوێ، تا بتوانێت لەگەڵ ڕەورەوەی مێژوودا خۆی پتەو بکات و لەگەڵ داهێنراوە نوێیەکانی سەردەمدا بگونجێت و بەرەو پێشەوە بڕوات .

پاشگر یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی زمانی کوردی کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەکردنی زمانەکەو، بۆ وشەی نوێ دروستکردن بەکاردێت و پێیدەگوترێت (سۆفێکس)، هەرچی پێشگریشە کە پێیدەگوترێت (پریفێکس)، لەگەڵ چاووگ و وشەی دیکەدا بەکاردێت و ، واتاکەی دەگۆڕێت و مەبەستی نوێ بەدەستەوە دەدات . ناوگریش لەچەند شوێنێکدا بەکاردێت، ئەویش بۆ وەدەستهێنانی وشەو واتای نوێ لە دوو وشە یان پتر، کە خودی ناوگرەکە دەکەوێتە نێوانیانەوە .

## سۆفێکسی (گە)

لێرەدا نامانەوێت لە هەموو پاشگرو پێشگرو ناوگرەکانی زمانی کوردی بدوێین، تەنیا دەمانەوێت لە سۆفێکسی (گە) بدوێین و هەندێك نموونەی بخەینە پێش چاوو، ڕاست و دروستیی بەکارهێنانی ئەم (گە)یە دەربخەین و چۆنیەتیی بەکارهێنانیشی ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی لەمەولا لە نووسین و بەکارهێناندا بە دروستی بەکار بهێنرێت .

(گە) پاشگرێکە دەچێتە پاش ناو، چاووگ، ڕەگی کار، بەم شێوەیە زاراوەو وشەی نوێ پێکدەهێنێت و ، واتای شوێن و جێگەی ئەو شتە دەبەخشێت کە پێوەندیی پێوە هەیە .

ئەوی ڕاستی بێت ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا واتای کاتیش بەدەستەوە دەدات، بە واتای (جار) دێت، هەروەك (گۆران)ی شاعیر لە گەشتەکەی (هەورامان)یدا بە دێڕە شیعرێك ئەم پاشگرەی بە شێوەی (گا) بەکارهێناوە، کە پاشان ڕوونی دەکەینەوە ئەو بەکارهێنانە لە شێوەی فۆنەتیکەوە دروست نییە . گۆران دەڵێت :

ناو ڕێگا تەق تەق،لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل
(گا) سەرەو ژوورە، (گا) سەرەو خوارە
تاڵی و شیرینی دنیای ڕێبوارە

لێرەدا ئەگەرچی ئەو (گا)یە بە بزوێنی (ا)ی درێژ بەکارهاتووە، کەچی ڕاستەکەی (گە)یەو بە بزوێنی (ە)ی کورت بەکار دێت، بۆئەوەی لەگەڵ ئەو گیانلەبەرەدا جودای بکەینەوە کە بە کوردی پێی دەڵێین (گا)و بە مێینەکەی دەڵێین (مانگا- چێڵ) !!

لەو هۆنراوەدا گۆران مەبەستی ئەوەیە بڵێت :( ڕێگەکە جارێك سەرەو ژوورەو، جارێك سەرەو خوارە) ئەمەیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەوێدا واتای کات دەبەخشێت، کەچی وەك پاشگر تەنیا واتای شوێنی ئەو شتە دەبەخشێت کە دەدرێتە قەد پاشگرەکەوە . ئەم پاشگرە هەر لە زۆر زووەوە بە هەڵە گوتراوەو بزوێنە کورتەکەی کە (ە)یە کراوە بە (ا)ی درێژ، هۆی ئەوەیش لەبەر لەیەکچوونی لەگەڵ (گا)دایە، کە ناوێکە بۆ ئەو گیاندارە

مالّییەی ناوی دیكەی لیّدروست دەكریّت بۆ جوداكردنەوەی ڕەگەزەكەی یان دروستكردنی واتای نویّ وەك : گا: مانگا (میّینە) .
گا : گاگەل ( ژمارەیەكی زۆر لە گاو مانگا ) .

جا بۆ ئەوەی ئیّمە پاشگری (گە) لەو گیاندارە جودا بكەینەوە، ئەوە ڕوون دەكەینەوە كە پاشگری (گە) جوداوازی لەگەلّ (گا)دا هەیەو، زۆر كەس هەست بەو جوداوازییە ناكەن ، بۆیە لە بەكارهیّنانی ئەو وشانەی بەم جۆرە پاشگرە كۆتاییان دیّت دەكەونە هەلّەیەكی زەقەوەو بزویّنە كورتەكە بە بزویّنیّكی دریّژ دەگۆڕن ... بۆ نموونە لە جیاتی ئەوەی بلّیّـــن (دەرگا) یان (ریّـگا) یان (جیّـگا) یان (فرۆشـگا) یان (پیّشانگا) یان (دایانگا) یـان ( پرسگا، خواردنگا، مۆلّگا) ڕاستتر ئەوەیە بلّیّین : ڕیّگە، جیّگە، دەرگە، فرۆشگە، پیّشانگە، دایانگە، پرسگە، خواردنگە، كۆگە، مۆلّگە... هەروەك دەلّیّین : نووسینگە، دەرگە . لەم ڕووەشەوە ناوچە هەن لەجیاتی ئەوەی بلّیّن (دەرگە) دەلّیّن (دەركە) وەك لە ناوچەی هەولیّر دەلّیّن (كەونە دەركە) ؛ ئەمەیش ڕەسەنیی ئەم پاشگرە دەگەیەنیّت كە بە بزویّنی كورت گۆ دەكریّت و دەنووسریّت .

لیّرەوە هەموو ئەو وشانەی واتای شویّن دەگەیەنن و ئەم پاشگرەیان پیّوە لكاوە دەبیّت بە بزویّنی كورت بنووسریّن و گۆ بكریّن ، هەندیّك وشەی دیكە هەن ئەم پاشگرەیان پیّوە دەلكیّنن بیّ ئەوەی پیّویستی پیّ بیّت وەك وشەی : بازاڕ دەكەن بە بازاڕگا یان بازاڕگە ... لیّرەدا بازاڕ خۆی شویّنی شت كڕین و فرۆشتنە ئیدی پیّویست ناكات پاشگری (گە)ی پیّوە بنووسیّنین .

# چۆنیەتی دروستكردنی وشەی نوێ لە پاشگری (گە)

لەسەرەتاوە گوتمان پاشگری (گە) دەچێتە پاش ناو ، چاووگ، ڕەگی كار... بەمەیش وشەی نوێ یان زاراوەی نوێ بۆ مەبەستی نوێ دروست دەبێت ، وەك :

| ١- ناو | ناو یان زاراوەی نوێ |
|---|---|
| ڕێ | ڕێگە |
| جێ | جێگە |
| كۆ | كۆگە |
| مۆڵ | مۆڵگە |
| بار | بارگە |
| هەوار | هەوارگە |
| دەرمان | دەرمانگە |
| دەست | دەزگە |
| بن | بنگە |
| لەوەڕ | لەوەڕگە |
| دەر | دەرگە |
| چاو | چاوگە |
| مەلەوان | مەلەوانگە |
| تۆمار | تۆمارگە |
| دایان | دایانگە |

| | |
|---|---|
| یاری | یاریگە |
| پەیمان | پەیمانگە |
| ئامۆژ(گاری) | ئامۆژگە |

| ٢ - ڕەگی كار | ناو یان زاراوەی نوێ | چاووگ |
|---|---|---|
| فرۆش | فرۆشگە | (فرۆشتن) |
| ڕووان | ڕووانگە | (ڕووانین) |
| بڕ | بڕگە | (بڕگە) |
| پرس | پرسگە | (پرسین) |
| پەرست | پەرستگە | (پەرستن) |
| فڕ | فڕگە | (فڕین) |
| فێر | فێرگە | (فێركردن) |
| پێشان | پێشانگە | (پێشاندان) |

| ٣- چاووگ | ناو یان زاراوەی نوێ |
|---|---|
| خواردن | خواردنگە |
| نووسین | نووسینگە |
| خوێندن | خوێندنگە |

## مەبەست و ئەنجام

بەم چەشنە دەتوانین سوودێكی زۆر لەم پاشگرە وەربگرین و زاراوەو وشەی نوێی پێدروست بكەین و ئەوەمان لە یاد نەچێت كە (گە)یە نەك (گا)، وەك

زۆر کەس بە هەڵە ئەو وشانە گۆ دەکەن و دەنووسن کە ئەم پاشگرەیان پێوەیە وەك : ڕێگە، جێگە، پەیمانگە، ئامۆژگە، دەرگە، دەستگە(دەزگە) خوێندنگە، فێرگە، مۆڵگە، پرسگە... لە جیاتی ئەوەی بەم شێوەیەی سەرەوە بیاننووسن و گۆیان بکەن ... بە بزوێنی درێژ دەیاننووسن و گۆیان دەکەن، ئەوەیش دروست نییەو ڕاست نییە، بۆیە پێویستە هەموومان بەو شێوە دروستە ئەو وشانە گۆ بکەین و بنووسین کە ڕوونمان کردەوە (گە)یە نەك شێوەکەی دی .

## سەرچاوەکان


١- زمانی کوردی ، دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی : فوئاد حەمە خورشید، حەمە کەریم هەورامی کردوویەتی بە کوردی — بەغدا 1985

٢- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد — بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣ . ل ٢٣٢-٢٦٧

٣- دیوانی گۆران ، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٨٠ ل ١٣٨

٤- تێبینی و سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی خۆم

# نێرو مێ لە زمانی کوردیدا

کێشەی نێرو مێ لە زۆر زماندا ، کێشەیەکی بەرچاوو پڕ گیرو گرفت و کۆسپی زمانزانی و بنکەی بەکارهێنانی ڕستەو ڕستەسازییە، لە ژیانی ڕۆژانەی قسەکردن و نووسیندا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەتی لەو زمانانەدا کە نێرو مێکانیان بە کارو جۆری کارەکان لە یەکدی جودا دەکرێنەوە، هەر ئەم کێشەیە وایکردووە زمانێکی وەك زمانی عەرەبی ، لە لای قسەکەرانی زمانانی دیکەوە، بە زمانێکی قورس و گران بێتە دانان و ئەژماردن .

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە لە کاتی بەکارهێنانی کاردا هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی لە ڕووی (نێرو مێ)وە نییە، بگرە کارەکە هەر یەك کارە ج بۆ نێر و ج بۆ مێ بێت تا دەگاتە بێ لایەنیش !! چونکە لە زمانێکی وەك زمانی عەرەبیدا نێرو مێ لە مرۆڤ و گیانلەبەرو دارو بەردیشدا هەیەو کاری نێر جودایەو هی مێیش جودایە، ئەم جوداییەیش لە کاتی بەکارهێناندا بۆ گیاندارو بێ گیان ڕەنگ دەداتەوەو دەردەکەوێت .

کەواتە لە زمانی کوردیدا کاری وامان نییە بۆ نێر بەکاربێت کە لەو کارانە جوداواز بێت بۆ مێی بەکار دەهێنین، وەك ئەوەی لە عەرەبیدا هەیە، لە زمانی کوردیدا کاری (کرد) یان (دەکات)، (ڕۆیشت) یان (دەڕوات)، بڕۆ، بڕۆشتایە، دەڕۆیشت، بۆ نێرو مێ هەر وەك یەك بەکاریان دەهێنین و، ئەم تایبەتییەی زمانی کوردیش لەوەوە هاتووە کە گەلی کورد، لە بواری

کۆمەڵایەتیدا، گەلێکە جیاوازی نەخستووەتە نێوان نێرو مێوەو، نێر کە دەستەڵاتی باوکسالاریی بەدەست بووە، بە چاوێکی ڕێزو ستایش و شانازییەوە تەماشای ڕەگەزی مێینەی کردووەو، هیچ جوداوازییەکی لە ڕووی مێینەو نێرینەوە نەخستووەتە ڕوو، نێرو مێ پێکەوە لە کێڵگەو زەوی و زارو ماڵ و دەرەوەدا ئیشیان کردووەو هاریکاری یەکدییان کردووە، ئەم تێکەڵاوییەیش وای کردووە لە کار بەکارهێناندا هیچ جیاوازییەك نەیەتە کایەوە، جگە لەوەی ئەم تایبەتییەی زمانی کوردی وامان لێدەکات بڵێین گەلی کورد لە کۆمەڵێکی پێشکەوتووانەی کۆمەڵایەتیدا ژیانی بەسەر بردووەو، جوداوازی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا نەکردووە، بە هەردووکیانەوە ژیان دروست دەکەن و پەرەی پێدەدەن، واتە کورد گەلێکی دواکەوتوو نەبووە ئافرەت بچەوسێنێتەوەو بە پلەی دووەم دایبنێت و کار بەکارهێنانی ڕۆژانەی بۆ جوداواز بکاتەوەو، پیاویش بەردەوام لە پلەی یەکەمدا بێت و کارو کردەوەکانی لە قسەو دەربڕیندا، لەگەڵ ئافرەتدا جوداواز بن .

ئەم خاڵە گرنگە، بۆ کوردو بۆ زمانی نەتەوەی کورد تۆمار دەکرێت و پتر ئاسانی دەکات، ئەگەرچی زمانی وا هەیە لە زمانی کوردی بچێت، کەلە کار بەکارهێناندا جوداوازی لە نێوان نێرو مێدا ناکات، بەڵام زمانیش هەیە، لەپاڵ نێرو مێدا، ڕەگەزی بێ لایەنیش لە کار بەکارهێناندا جوداوازیی هەیە، وەك زمانی ڕووسی !!

لەم ڕوانگەوە ئەو زمانەی کە لە کار بەکارهێناندا جوداوازی لە نێوان نێرو مێدا دەکات ، ئەوە بە زمانێکی دواکەوتوو دەژمێررێت، کە نرخی مێینە نازانێت و ، بە چاوێکی سووکەوە تەماشای دەکات، بۆیە لە کاتی دواندن و

قسەکردن و پەیڤیندا ڕەنگ دەداتەوەو، ئەو کارانەی بۆ مێ بەکاریان دەهێنێت، لەوانە جوداواز دەبن کە بۆ نێرن .

کاری زمانی کوردی بۆ نێرو مێ، لە هەموو تافەکانیدا، هەر یەك کارە؛ بگرە جێناوە سەربەخۆکانی زمانی کوردیش ( من - ئێمە، تۆ - ئێوە، ئەو - ئەوان) لەگەڵ جێناوە لکاوەکانیاندا، لە نێرو مێدا جوداوازییان نییە، هەر هەمان جێناوی سەربەخۆو لکاون، تەنیا جێناوی لکاوی(وێ) نەبێت کە لە کرمانجی ژووروودا بۆ سێیەمین کەسی تاکی مێینە لە جیاتی ئەو بەکار دێت ، (وی)یش بۆ نێر بەکاردێت کە ئەمەی دواییش لە ناوچەکانی کرمانجی خوارووشدا دەبیسترێت !!

لە پاڵ ئەم ڕاستییانەشدا ئەوە لە کرمانجی خواروودا، هەروەها لە کرمانجی ژووروویشدا، لە هەندێك شێوەی بانگ کردنی نێرو مێدا جوداوازی هەیە، هەروەها لە کرمانجی ژووروودا حاڵەتی تەواوکردنی ناوێکی نێر بە ناوێکی مێ، یان ناوێکی مێ بە ناوێکی مێ، یان ناوێکی مێ بە جێناوی نێرو مێ، هەست بە جوداوازیی نێرو مێ دەکرێت، کە لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەو حاڵەتانەو چەند دیاردەیەکی دیکەی نێرو مێ لە زمانی کوردیدا ڕوون بکەینەوە .

ئەوەیش دەزانین، لە زمانی کوردیدا، جگە ناوی نێرو مێ واتە جگە لە ڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێینە، ئەوە ڕەگەزی بێ لایەنیش هەیە، کە نە نێرەو نە مێیە، جگە لەوەی کە ناوی وامان هەیە بۆ گیانلەبەران بەکار دێت و دوو لایەنە، بە وشەی نێر یان مێ، نێرو مێکانیان لە یەکدی جودا دەکەینەوە .

ئەوی ڕاستی بێت لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا لەکاتی کار بەکارهێناندا جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا نییە، بۆیە لەم بوارەدا کەم نووسین دەبینرێت،

ئەو سەرچاوانەی لەمەڕ ڕێزمانی کوردی نووسراون، بە دەگمەن نەبێت، خۆیان لەم بابەتە نەداوە !!

بابەتێك لەمەڕ( کێشەی جنس لە زمانی کوردیدا) لە لایەن نووسەران عەرەبی شەمۆو ئی.تسۆکەرمان و قەناتی کردۆوە لە ساڵی ۱۹۳۲دا نووسراوەو لە ژمارە (۱)ی گۆڤاری (نووسین و شۆڕش)دا بڵاوکراوەتەوە، لە لد(مۆسکۆ — لینینگراد)ی ئەوسادا دەرچووە (۱) .

کە بەر لە (بڵاەبوونەوەی ئەم وتارە پرسی جیاکردنەوەی نێرو مێ لە زمانی کوردیدا باس نەکرابوو، لەم وتارەدا سێ جنسی نێرو مێ و بێ لایەن دیاری کراوە ) (۲) .

ئەگەرچی ئەم  وتارە بە ڕووسی نووسراوەو تا ئێستەشی لەگەڵدا بێت، نەکەوتووەتە بەرچاوی خوێنەری کورد، مەگەر ڕووسی زانەکان نەبێت، بۆیە ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی دوورو درێژو زانستییانە باس نەکراوە هەروەها جگەرخوێن لە کتێبی ( ئاوا دەستوورا زمانی کوردی، چاپی بەغدا، ساڵی ۱۹٦۱)دا لە کێشەی نێرو مێ دواوەو، بە زۆری باسی جوداکردنەوەی (نێرو مێ)ی لە کرمانجی ژوورووودا کردووە (۳).

هەروەها پرۆفیسۆر جەمال نەبەز لە کتێبی (زنجیرەی کوردەواری، زمانی یەکگرتووی کوردی)دا کە لە ساڵی ۱۹۷٦دا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش هەر باسی جوداکردنەوەی نێرو مێی لە کرمانجی ژوورووودا کردووە (٤) .

ئەم جار بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك ڕوون ببێتەوە، کە لە زمانی کوردیدا، لە ڕەگەزی مرۆڤ و گیانلەبەراندا، نێرو مێ هەیەو، لە گیانلەبەرانیشدا دوو لایەن و لە بێ گیانانیشدا بێ لایەن هەیەو، لە کرمانجی خوارووودا لە شیکردنەوەی ڕێزماندا دەردەکەوێت و، هەندێك حاڵەتی جیاوازیکردنی

نێرو مێش لە بواری ڕێزماندا لە کرمانجی ژووروودا هەیەو، لە گیاندارو بێ گیانیشدا جیاوازی لە نێوان نێرو مێدا دەکرێت .

لێرەدا باسی ناو دەکەین کە لە زمانی کوردیدا لە دیالیکتی کرمانجی خواروودا دەکرێتە چوار بەشەوە :

یەکەم : ئەو ناوانەی تەنیا بۆ نێر بەکاردێن :

أ - ناوی مرۆڤ: ئارام ، بەهزاد ، سەربەست ، فەرهاد ، سیروان ...

ب - ناوی گیانلەبەر : کەڵەشێر، ئەسپ ، بەران ، گا ، سابرێن ...

دووەم : ئەو ناوانەی کە تەنیا بۆ مێ بەکار دێن :

أ - ناوی مرۆڤ : شیرین ، نەسرین ، گوڵاڵە ، هیرۆ ، بەیان ...

ب - ناوی گیانلەبەر : ماین، مانگا ، مەڕ ،بزن ، مریشك ...

سێیەم : ئەو ناوانەی کە نە نێرو نە مێن واتە بێ لایەنن وەك :

دیوار ، دار ، بەرد ، چیا ، ڕووبار ، شەقام ، شار ...

چوارەم : دوو لایەن : ئەو ناوانەن کە هەم نێرو هەم مێیان هەیە، وەك :

کەو ، شێر ، گیسك، کاووڕ ...

کە بە بەکارهێنانی وشەی مێ یان نێر جودا دەکرێنەوە وەك :

| دوو لایەن | نێر | مێ |
|---|---|---|
| گیسك | گیسکەنێر | گیسکە مێ |
| کەو | نێرەکەو | ماکەو |
| شێر | نەڕەشێر | دێڵەشێر |
| کاووڕ | کاووڕەنێر | کاووڕەمێ |

**ئەمە لە شێوەی کرمانجی خوارووا، هەرچی دیالیکتی کرمانجی ژووروە، تەنانەت ناوە بێ لایەنەکانی کرمانجی خواروو، لەوێ لە حاڵەتی تەواوکردندا(ئیزافە) بە ئامرازی نێرو مێ جودا دەکرێنەوە وەك :**

**دار : وشك بوو نێرە، وەك : دارێ گوێز، بەڵام ئەگەر تەڕ بوو (مێ)یە وەك : دارا گوێز (٥) .**

**بەم جۆرە ئامرازی تەواوکردنی ناوی مێ بە ناوی نێر ( واتە ناوە مێیەکە لە پێشەوە بێت) ئەوە پیتی تەواوکرنەکە پیتی (ا)یە، بەڵام بۆ تەواوکردنی ناوی نێر بە ناوی نێر ئەوە تەواوکردنەکە بە پیتی (ێ) دەبێت، ئەم ناوە بێ لایەنانە لە کرمانجی ژووروودا نێرو مێن :**

| مێ | نێر |
|---|---|
| هاوار | خانوو |
| چوون | نقین (نوین) |
| هری (خوری) | خۆراك |

هەوەها لە ناوی نێرو مێدا بۆ مرۆڤ جوداوازی هەیەو دەکرێت وەك :

١ - ناوی مێ : ئافرەت ، ژن ، باوەژن ، بێوەژن ، کچ ، دش ، خەسوو ، کابان ، پوور ، ئامۆژن ، خالۆژن ، بووك .

٢ - ناوی نێر : پیاو ، مێرد ،کوڕ ، برا ، باوك ، مام ، خاڵ ، برای مێرد ، جوامێر ، خالۆزا ، زاوا ، ئاوەلزاوا، باییز (٦)ئەمەیش لە کرمانجی خوارووا هەیە .

لە گیانلەبرانیشدا جوداوازی لە لە نێوان نێرو مێدا دەکرێت وەك :

١ – ناوی نێر : گا ، جوانەگا ، بەران ، بێری ، گیسك ، شەك ، سابرێن ، کاووڕ ،کەڵەشێر، یەکانە ( بەرازی نێر ) ، باڕۆکە ، رباد (نێرەکەو ) ، گەماڵ (نێرە سەگ) ، ئەسپ ، جوانوو ، ورچەنێر ، نەڕەشێر .

٢ – ناوی مێ : مانگا (چێڵ) ، گۆلك (گوێرەکە) ، مەڕ ، بزن ، گیسکە مێ ، ماڵۆس (بەرازی مێ) ، ماچە ، مریشك ، پشیلە مێ ، ماکەو ، دێڵەسەگ ، دەڵەگورگ، ورچە مێ ، شێرەمێ (٧) .

ئەم جوداوازییەیش لە کرمانجی خوارووادا هەیە . جگە لەمانە لە کرمانجی ژووروودا، لە حاڵەتی تەواوکردندا (ئیزافە) نێرو مێ دەردەکەوێت، ئەگەر ناوی نێر بە ناوی نێر بە نێر تەواو بکرێت پیتی (ێ) وەردەگرێت وەك :

کوڕێ ئازادی - رەزێ بەری

دیوارێ بەری – خانیێ من

رانێ تە – دەستێ درێژ

کە لێرەدا وشەی ( کوڕ ، رەز ، دیوار ، خانی (خانوو)، ران ، دەست نێرن و بە (ێ) دەخرێنە پاڵ یەکدی . بەڵام ئەگەر ناوێك بە ناوێکی مێ تەواو بکرێت ئەو کات ئامرازی تەواوکردنەکە دەبێتە (ا) یان (یا) وەك :

دفنا هوشیاری ( لووتی هوشیار )

ئاڤا چەمی ( ئاوی چەم )

دەفتەرا قوتابیی ( دەفتەری قوتابی )

کچا سیروانی ( کچی سیروان )

زەڤیا قەد پالا ( زەویی قەد پاڵ )

ئەمەو وشەی ( لووت ، ئاو ، دەفتەر ، کچ ، زەڤی ) مێینەن .

ئەو ناوانەیش کە کە دوو لایەنن لە کاتی تەواوکردندا، ئەگەر پیتەکە (ێ) بوو ئەوە بۆ نێرە، بەلام ئەگەر (ا) بوو ئەوە بۆ مێیە، وەك : دۆستێ سەرداری زیرەکە .

لێرەدا (دۆست) نێرە . دۆستا هەڤالی جوانە . لێرەدا (دۆست) مێیە .

لەپاڵ ئەمانەیشدا لە کاتی بانگ کردنی نێرو مێدا ئامرازی بانگ کردن بۆ نێرو مێ جوداوازییان هەیە، چونکە لە کرمانجی خواروودا بزوێنی (ە) بۆ نێرو بزوێنی (ی) بۆ مێ بەکاردێن، کەچی لە کرمانجی ژووروودا تەنیا بزوێنی (ۆ) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ بەکاردێت وەك :

کوڕە وەرە بۆ ئێرە . (نێر)

مامە وەرە ئەم لاوە . (نێر)

لاوۆ سترانەکا بێژە . (نێر)

بۆ مێیش بەم جۆرۆەی خوارەوەیە

کچێ وەرەی مەڕەکە بدۆشە . (کچێ - مێیە)

شیرینێ چێلێ بدۆشە . ( شیرینێ — مێیە (٨) .

جا با بزانین لە دیالێکتی کرلامانجیی ژووروودا کام ناوی بێ گیان (جەماد) نێرو کامیان مێن :

١ - هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان (تەرمی نویێ) لێدەربچێت، ئەوانی دیکە مێن .

٢ - هەرچی درەختی شینە مێن، وشکەکانیش نێرن .

٣ - هەموو ئاوەکانی ڕووی زەمین وەك : دەریا، گۆم ، جۆگە ، (چەم ، ڕووبار)یان لێدەربچێت، هەموو مێن .

٤ - هەرچی نزمی هەن( گەلی ، دۆڵ)یان لێدەربچێت، هەموو مێن .

٥ - هەرچی چەك هەیە وەك : تیروكەوان، گورز ، مووشەك ، تانك ، فڕۆكە : مێن .

٦ - هەرچی ڕایەخی ناوماڵە (تەخت)و (سەرین) و (بالیف)یان لێدەربچێت هەموویان مێن .

٧ - هەرچی میوەی دارو درەختە (ترێ) نەبێت، هەموویان مێن .

٨ - هەموو چاووگەكانی زمانی كوردی مێن ، وەك : خوارن ، كرن، نڤیسین ( خواردن ، كردن ، نووسین ).

٩ هەموو ناوی گوزارە (واتایی - مەعنەوی)وەك : برایەتی ، دۆستایەتی ،كوردایەتی مێن .

١٠ - جل و بەرگی لەبەر كردن وەك : دەسماڵ، مشكی ، پێڵاو،(بە هەموو جۆرەكانیەوە)، پشتوێن، شاڵ، ئەمانە مێن، ئەوانی دیكەی نێرن .

١١ - خشڵی ئافرەت جگە گوارەو بازن كە تاكەكەیان نێرە، ئەگینە هەموویان مێن .

١٢ - ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ وەك : سەر ، گوێ ، دەم ، چاو، ددان، زمان، سینگ، ئەستۆ، گەروو ئەمانە نێرن، ئەوانی دیكە وەك : دەست، پێ، پەنجە، لووت، دڵ، لێو .. مێن .

١٣ - ئامێرەكانی وەك : داس ، شالوك، قەیناخ، خاكەناز، مێن، ئەوانی دیكەی كشتسازی نێرن (٩) .

ناوە بێ گیانە نێرەكانیش بەم جۆرەن :

١- لە جێیە نزمەكان تەنیا گەلی (دەربەند) نێرە .

**٢- ئامێری بواری نووسین : پێنووس ، مەرەکەب ، نێرن . بەڵام دەفتەر، پەرتووك ، تەباشیر، دوێد، کتێبدان، .. مێن .**

**شتی سەرەکی خوێندنیش وەك : پۆل، تەختەڕەشە، مێز، .. نێرن، ئەوانی دیکە وەك : کورسی ، کتێبخانە مێن .**

**٣- هەمو شتێکی دەوری ڕووی زەوی وەك : ئەتمۆسفیر( چینێکی هەوای ئاسمانە)، ڕەشەبا، ئاسمان .. نێرن، ئەوانی دیکە وەك : بەفر ، باران ، تەرزە ، باهۆز، لافاو، شلۆفە(بەفرو بارانی تێکەڵ)، زوقم، شەونم، تەمومژ، ئارەق، شێ، تەڕایی ئەوە هەر هەموویان مێن .**

٤- لە ئاوەگانی ڕووی زەمین تەنیا چەم و ڕووبارو ئۆقیانووس نێرن .

٥- لە جل و بەرگی لەبەرکردن : کڵاو، کراس، دەرپێ، پەستەك،(چۆغە)، کەوا، ڕانك، پێژامە نێرن، ئەوانی دیکە مێن .

٦- شتی ئاوەدانی سەر ڕووی زەمین : بازاڕ، شار، شارۆچکە، گوندو دێ، خانوو ، زنج ، کاول ، دیوار ، بنمیچ ، بان .. نێرن، ئەوانی دیکەی وەك : گەڕەك، کووچە، ئەشکەوت .. مێن .

٧- لە بڵندایییەکانیش : چیا، زنار، کەژ، سوپیار ( بەرزایی نێوان شاخەکان) نێرن، ئەوانی دیکە وەك : تەپۆڵکە، شاخ ، لووتکە .. مێن (١٠) .

لەگەڵ ئەم جوداکردنەوەشدا ئەوە نێرو مێ جوداکردنەوە لە کرمانجی ژووروودا بەبیستن(سەلیقە – سەماعی) دەزانرێت .

پەراوێزو سەرچاوە :

١- کتێبی ( رابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە، د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف- بەغدا ١٩٨٩ ل ٢٤٦

٢- هەمان سەرچاوە : ل ٢٤٧

٣- ڕێزمانی کوردی(کرمانجی یا ژۆری و ژیری یا هەڤبەرکری) سادق بەهائەدین ئامێدی - چاپا یەکێ — بەغدا ١٩٨٧ ل ١٧٢-١٧٣

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو لە ١٧٣

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٧٦

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٦٢

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٦٢-١٦٣

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٥

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٦-١٧٧

١٠- هەمان سەرچاوە ل ١٧٨

١١- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد - بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ١٩٧٤ ، بەغدا

١٢- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد - بەرگی دووهەم ، بەشی یەکەم ١٩٧٤ ، بەغدا

١٣- ئەرك و شوێنی راناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردیدا، نووری عەلی ئەمین - ١٩٨٦ بەغدا .

* چوون : چاووگەو مێیە، بۆیە هەموو چاووگەکان لە کرمانجی ژووروودا مێن .

# کاری کارا نادیار لە زمانی کوردیدا

(کار) واتە (فرمان) ، لە زماندا زۆر گرنگەو بە هۆی کارەوە دەکرێت تافەکانی کات دەستنیشان بکرێن و بزانرێت کارەکە لە تافی ڕابوردوو یان دانەهاتوودا ڕووی داوە یان ڕوودەدات، جگە لەوەی کار لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆك شێوازەوە چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە شێوازی ڕاگەیاندن و دانانی و مەرجی و داخوازی، ئەگە لە پاڵ ئەوەیشدا کە هەموو زمانێك کاری کارا دیارو کاری کارا نادیاری تێدایە، لێرەوەیە دەشێین بێژین کەزمانی کوردیش هیچی لە زمانەکانی دیکەی گێتی کەمتر نییەو ئەو دوو جۆرە کارەی تێدایەو هەبوونی ئەو دوو جۆرە کارە ئەو دووپات دەکاتەوە، کە زمانی کوردی بنکەو ڕێسازو دەستووری خۆی لەمەڕ چۆنیەتی دروستکردنی ئەم جۆرە کارە هەیە، ئە دەستوورو ڕێساو بنکەیەیش هیچ هەڵەیەك قبووڵ ناکەن و ئەو بەکارهێنانە هەڵەو نادروستانە ڕەت دەکەنەوە، کە لە نووسینی وتاری هەندێك نووسران و کەساندا بەکاردەهێنرێن، کە شارەزای دەستوورو بنکەی بەکارهێنانی زمانەکە نین و لە ڕێزمانی زمانەکە بەڵەد نین .لەم بارەوە هەر لە مێژە زمانزانانی کورد باسی ئەو دوو جۆرە کارەیان کردووە، لێرەدا هەندێك لەو دوو جۆرە کارە دەدوێین و بنکەو دەستووری دروستکردنیان لە زمانی کوردیدا ڕوون دەکەینەوەو بە بەڵگەوە دەیخەینە ڕوو، کە ڕێساکە هەڵە پەسەند ناکات، پاشان چەند نموونەیەك لەم جۆرە کارە دەخەینە بەردەست خوێنەر .

مامۆستا سەعید سدقی لە لاپەڕە (٤٣)ی (صەرف و نەحوی کوردی)دا کاری بەسەر دوو جۆردا دابەشکردووە، کە بە دووەمیان دەڵێت (مەجهوول) واتە

نادیار، وایش پێناسەی دەکات کە کاری (مەجهوول) فیعلێکە نەناسرێو نەبێژرێ بەڵکو مەفعوولەکەی لە جێگەی فاعیلەکەی دادەنرێت[1] . مامۆستا تەوفیق وەهبی لە لاپەڕە (٢٣)ی (دەستووری زمانی کوردی)دا دەڵێت : (بینای مەجهوول لە فیعلی موتەعەدی دروست دەکرێت [2]).نموونەیشی هێناوەتەوەو دەڵێت : بۆ دروستکردنی فیعلەکە (ران) دەخرێتە سەر دوای (ڕەگ)ی بینای مەعلوومەوە [3]) . لێرەدا مەبەستی ئەوەیە چاووگی نادیار لە ڕەگی چاووگی دیارو پاشگری (ران) دروست دەکرێت پاشان کاری نادیاری لێوەردەگیرێت وەك:

| بینای مەعلووم | ڕەگ | چاووگی نادیار | کاری نادیار |
|---|---|---|---|
| فرۆشتن | فرۆش | فرۆشران | فرۆشرا |
| پۆشین | پۆش | پۆشران | پۆشرا |

مامۆستا (نووری عەلی ئەمین)یش لە ڕێزمانەکەی خۆیدا، لە لاپەڕە (٥٦)دا دەڵێت : کاری مەجهوول ئەو کارەیە کە (موسنەد ئیلەیهی)یەکەی لە ڕستەدا دەرناکەوێت، تەواوکەر (مەفعوول)ەکەی جێی (موسنەد ئیلەیهی)یەکەی دەگرێتەوە، وەك گوڵ ئەڕوێنرێ [4] .ئەو قسانەی هەر سێ مامۆستا کردوویانن ڕاست و دروستن . بەڵام لە ڕووی بەکارهێنان زاراوەوە، زاراوەی زمانی عەرەبییان بەکارهێنالوە، کەچی لەم ساڵانەی دواییەدا چەند زاراوەیەك بۆ ئەم جۆرە کارە بەکار هاتوون، لەوانە کاری نەناسراو یان بزر، یان نەپەندی، کە بە لای ئێمەوە زاراوەی (کاری بکەر نادیار) یان (کاری کارا نادیار) پڕ بە پێستی ئەم جۆرە کارەیە، لە قۆناغەکانی خوێندنیشدا هەر ئەم زاراوەی دوایی پەسەند کراوەو جێگیربووە .

کاری کارا نادیار ئەو جۆرە کارەیە کە کاراکەی دەرناکەوێت و بەرکارەکەی جێگەی دەگرێتەوە، تەنیا لە چاووگی تیپەڕەوە دروست دەکرێت، ئەگینە لە چاووگی تێنەپەڕەوە دروست ناکرێت، ئەم کاری کارا نادیارە لە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا دەردەکەوێت .

ئەگەر بمانەوێت کاری کارا نادیار لە چاوگی تێپەڕەوە دروست بکەین، ئەوە ڕەگی چاووگەکە وەردەگرین و نیشانەی (را) دەخەینە سەرو کاری کارا نادیاری تافی ڕابوردووی لێدروست دەکەین، وەك :

| چاووگ | ڕەگ | نیشانەی نادیار | کاری ڕابوردووی کارا نادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| فرۆشتن | فرۆش | را | فرۆشرا |
| کیلاّن | کێڵ | را | کێڵرا |
| نووسین | نووس | را | نوسرا |
| خواردن | خۆ* | را | خورا |

* ( لێرەدا لە چاووگی خواردندا کە ڕەگەکەی (خۆ)یە، واوە کراوەکەی دەچێتەوە سەر واوی چاووگەکەو دەبێتەوە بە واویکی بزوێن ) .

تەنیا تێبینییەك لێرەدا هەبێت ئەوەیە کاتێك ڕەگی هەندێك چاووگ وەردەگیرێت ئەگەر ڕەگەکانیان بە پیتی بزوێن کۆتایی بێن، لە کاتی کاری کارا نادیاردا بزوێنەکەتێدەچێت ، وەك :

| چاووگ | ڕەگ | تێچوون | کاری کارا نادیار |
| --- | --- | --- | --- |
| کردن | کە | ە | کرا |
| خستن | خە | ە | خرا |
| بردن | بە | ە | برا |

هەندێکیش وایان بە لاوە باشە چاووگی (دیار) بکرێت بە چاووگی (نادیار) پاشان گاری کارا نادیاری لێوەربگیرێت ، وەك :

| چاووگی دیار | چاووگی نادیار | کاری کارا نادیار |
| --- | --- | --- |
| فرۆشتن | فرۆشران | فرۆشرا |
| چاندن | چێنران | چێنرا |
| نووسین | نووسران | نووسرا |
| بردن | بران | برا |
| گۆڕین | گۆڕران | گۆڕرا |
| کڕین | کڕران | کڕرا |

لێرەشدا هەندێك کەس بە هەڵە ئەم جۆرە کارە بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لە چاووگی (کڕین) و (گۆڕین) و (بردن) و چاووگی دیکەی لەم جۆرە، ئەویش بە بەکارهێنانی (د)ێکی قورس لەنێوان (ر)ی ڕەگی چاووگەکەو (ر)ی نادیارییەکەوە، وەك ئەوەی دەگوترێت :

کارەکە کردرا ← گۆڤارەکە کڕدرا ← جلەکە گۆڕدرا

ئەمەیش دروست نییە، چونکە ئەگەر بێت و کارێکی کارا نادیار لە ڕستەیەکدا بەکاربهێنین، بۆ نموونە لە چاووگی دیاری (کردنەوە)دا دەڵێین :

دەرگەکەم کردەوە ← دەرگەکە کرایەوە . نەك (کردرایەوە) کە کورد وای نەگوتووە، بۆیە بە لای ئێمەوە ئەوە راستترو دروستترە بڵێین : دەرگەکە کرایەوە ← دەکرایەوە ← کرابووەوە ← کراوەتەوە، هەروەها بە هەڵەیش دەنووسرێت (کراوەیە) کە ئەمەیش دروست نییەو وەرگێڕانێکی بەهەڵەیەو

لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، دەبێت بنووسین دەرگەکە کراوەتەوە نەك کراوەیە !!

هەروەها دەڵێین : گۆڤارەکە کڕرا ← دەکڕرا ← کڕرابوو ← کڕراوە ( هەندێك جاریش بۆ سووکی گوتن (ر)ی دووەم لە گۆکردندا ناگوترێت) .

هەروەها دەڵێین : جلەکە گۆڕرا ← دەگۆڕرا ← گۆڕرابوو ← گۆڕاوە .

ئەمە بۆ دروستکردنی کاری کارا نادیار لە تافی ڕابوردوودا، بەڵام لە دروستکردنی کاری کارا نادیار لە تافی ڕانەبوردوودا نیشانەی ڕانەبوردوو (دە) لەپێش ڕەگی کارەکەوە دادەنرێت، پاشان ڕەگی چاووگ یان ڕەگی کار، دوای ئەوەیش نیشانەی (را) دەکرێت بە (رێ)، پاشان جێناوی لکاوی کەسەکانیان پێوە دەلکێنرێت ، وەك :

| چ دیار | ڕەگ | ن ڕێژە | ڕەگ | ن ڕێژە | ج لکاو | ك کاراناديار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| فرۆشتن | فرۆش | دە | فرۆش | رێ | ت،ن،.. | دەفرۆشرێت |
| خواردن | خۆ | دە | خۆ | رێ | ت،ن،.. | دەخورێت |
| کوشتن | کوژ | دە | کوژ | رێ | ت،ن،.. | دەکوژرێت |
| نووسین | نووس | دە | نووس | رێ | ت،ن،.. | دەنووسرێت |
| کێڵان | کێڵ | دە | کێڵ | رێ | ت،ن،.. | دەکێڵرێت |
| داگرتن | دا گیر | دە | دا گیر | رێ | ت،ن،.. | دادەگیرێت |
| کردنەوە | کە وە | دە | کە وە | رێ | ت،ن،.. | دەکرێتەوە |

وات کارە کارا نادیارەکان بەم شێوەیە دەبن : (دەفرۆشرێت، دەفرۆشرێن،دەخورێت، دەخورێن،دەکوژرێت، دەکوژرێن، دەنووسرێت، دەنووسرێن، دەکێڵرێت، دەکێڵرێن، دادەگیرێت، دادەگیرێنن دەکرێتەوە، دەکرێنەوە ) .

هەرچی ئەو چاووگانەیشن کە لەتێپەڕەوە بە هۆی سۆفێکسی (اندن)ەوە دەگرێنە تێپەڕ، ئەوە ئەگەر کاری ڕابوردووی کارا نادیاریان لێدروست بکەین، ئە کات ڕەگی ڕانەبوردوویان لێوەردەگرین و نیشانەی (را)ی دەخەینە سەر وەك :

| چاووکی تێنەپەڕ | چاووکی تێپەڕ | ڕەگ | ك ڕابوردووی کارانادیار |
|---|---|---|---|
| سووتان | سووتاندن | سووتێن | سووتێنرا |
| برژان | برژاندن | برژێن | برژێنرا |
| مردن | مراندن | مرێن | مرێنرا |
| هەڵفڕین | هەڵفڕاندن | هەڵفڕێن | هەڵفڕێنرا |

بۆ تافی ڕانەبوردووی کارا نادیاریش، ڕەگی لێوەردەگیرێت نیشانەی (رێ)ی دەخرێتە سەر، پاشان جێناو لکاوەکانی پێوەدەنووسرێت :

| چاووگ | ڕەگ | کاری ڕانەبوردووی کارانادیار/تاك | کاری ڕانەبوردووی کاراناديار /کۆ |
|---|---|---|---|
| سووتاندن | سووتێن | دەسووتێنرێت | دەسووتێنرێن |
| برژاندن | برژێن | دەبرژێنرێت | دەبرژێنرێن |
| هەڵفڕاندن | هەڵفڕێن | هەڵدەفڕێنرێت | هەڵدەفڕێنرێن |

دەبێت تێبینی ئەوەیش بکرێت کە لە کاتی بەکارهێنانی کاری ڕانەبوردووی نادیاردا، لە چاووگی دارڕژاوو لێکدراودا (واتە لەو چاووگانەی پێشگر یان پاشگریان پێوە نووساوە)، ئەوە پاشگرەکانیان وەك خۆیان پێش (دە)ی نیشانەی ڕێژەکە دەکەون و پاشگرەکانیشیان پاش جێناوە لکاوەکانیان دێن، وەك :

هەڵفڕاندن : هەڵدەفڕێنرێت ← هەڵدەفڕێنرێن

کوژاندنەوە : دەکوژێنرێتەوە ⟵ دەکوژێنرێنەوە

وەرگرتن : وەردەگیررێت ⟵ وەردەگیررێن

هەڵدان : هەڵدەدرێت ⟵ هەڵدەدرێن

دابەزاندن : دادەبەزێنرێت ⟵ دادەبەزرێنرێن

لە کرمانجی ژووروووشدا کاری کارا نادیار بە جۆرێکی دیکە دروست دەکرێت، ئەگەر کارەکە لە تافی ڕبوردوودا بێت، ئەوە کارەکە دەبەینەوە سەر چاووگەکەی خۆیو کاری یاریدەدەری (هاتە)ی پێش دەخەین، وەك :

| چاووگ | کاری دیار | کاری ڕابوردووی کارا نادیار |
|---|---|---|
| نڤیسین | نڤیسی | هاتە نڤیسین |
| فرۆشتن | فرۆشت | هاتە فرۆشتن |
| کوشتن | کوشت | هاتە کوشتن |
| گرتن | گرت | هاتە گرتن |

بەڵام ئەگەر کاری کارا نادیار لە تافی ڕابوردوودا بێت، ئەوە کاری یاریدەدەری (دێتە، دێ هێتە) پێش چاووگەکە بەکار دێت وەك :

| چاووگ | کاری کارا نادیار لە تافی ڕانەبوردوودا |
|---|---|
| نڤیسین | دێتە (دێ هێتە) نڤیسین |
| گرتن | دێتە (دێ هێتە ) گرتن |

مەبەست و ئەنجام

مەبەست لە باسکردن و کورتە ڕوونکردنەوانە ئەوەیە کە بۆ خوێنەری بسەلێنین کەلە کاتی دروستکردنی کاری ڕابوردووی کارا نادیاردا، بە پێی

بنکەو دەستوورو ڕێساکانی زمانی کوردی، دەبێت بۆ کاری ڕابوردووی کارا نادیار (را)ی نیشانەی نادیاری و بۆ کارە ڕانەبوردووی کارا نادیاریش (رێ)ی نیشانەی نادیاری بەکارببرێن ، ئەگینە هەرچی ڕێژەو شێوازێك پیتی دیکە لەنێوان ڕەگی چاووگەکەو نیشانەی نادیاریدا دابنێت ئەوە ڕاست نییەو هەبێت و نەبێت ناوچەییەو، نابێت بچێتە ناو دەستووری زمانی نووسینەوە، بۆیە ڕاستتر وایە بڵێین :

دەرگەکە کرایەوە، گۆڤارەکە کڕرا، خانوەکە دروست کرا، گۆشتەکە برژێنرا، دارەکە دەسووتێنرێت، مافمان نەخوراوە، مافمان ناخورێت، تاد. ئەمە لەکرمانجی خواروودا، هەرچی لە کرمانجی ژووروودایە ئەوە هیچ گرفت و کێشەیەك لە کات دروستکردنی کاری کارا نادیاری ڕابوردوو ڕانەبوردوودا دروست نابێت، وەك ڕوونمان کردەوەو .

لێرەدا هەندێك چاووگ و کارە کارا نادیارەکانیان لە تافی ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا دەخەینە ڕوو :

| چاووگ | کاری ڕابوردووی مارا نادیار | کاری ڕانەبوردووی کارا نادیار |
|---|---|---|
| دانان | دانرا | دادەنرێت |
| هێنان | هێنرا | دەهێنرێت |
| خستن | خرا | دەخرێت |
| سڕین | سڕرا | دەسڕرێت |
| هەڵمژین | هەڵمژرا | هەڵدەمژرێت |
| خەواندن | خەوێنرا | دەخەوێنرێت |
| گوتن | گوترا | دەگوترێت |
| شوشتن | شوشترا (شۆرا) | دەشوشترێت (دەشۆررێت) |

| | | |
|---|---|---|
| شێلان | شێلرا | دەشێلرێت |
| پێوان | پێورا | دەپێورێت |
| چنین | چنرا | دەچنرێت |
| نرخاندن | نرخێنرا | دەنرخێنرێت |

سەرچاوەکان :


(١، ٢، ٣، ٤) : گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە(٣-٢)ی بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ساڵی ١٩٧٥، بەغدا .

(٥) وردبوونەوە لە چەند باسێکی زمانی کوردی، مەسعوود محەمەد، بەغدا، ١٩٧٤ .

(٦) ڕێزمانا کوردی، کرمانجیا ژۆری و ژێرییا هەڤبەرکری : صادق بەهائەدین ئامێدی، چاپا یەکی، بەغدا ١٩٧٨ .

(٭) : لەگەڵ سەرنج و تێبینییەکانی خۆمدا .

(٨) : دانەهاتوو : واتە(پاشەڕۆژ = مستقبل) نەك (مضارع) .

# جاریکی دیکە کاری کارا نادیارو ئاماژەیەك بە چاووگی ناجۆر لە زمانی کوردیدا

لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ)دا نەریمان خۆشناو خوێندکاری بەشی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا، چەند سەرنجێکی خۆی بە پشت بەستن بە بیرو بۆچوونی مامۆستایانی بواری زمانی کوردی لەمەڕ نووسینێکمان بە ناوونیشانی ( کاری بکەر نادیار لە زمانی کوردیدا ) دەربڕیبوو ( دواتر بڕیار درا لە ناوەندەکانی خوێندندا لە جیاتی بکەر کارا بەکاربهێنرێت بۆیە لەمەو دوا دەڵێین کاری کارا نادیار) کە لە ژمارە (٢١)ی هەمان گۆڤاردا بلاوبیووەوە، لە وتارەکەیدا بە هەڵە لەمەبەستی بابەتەکە گەیشتبوو، بۆیە هاتبوو چەند سەرنجێکی دەربڕیبوو بێ ئەوەی بزانێت کە مەبەستی بابەتەکە ئەوە بووە هەڵەیەکی زمانەوانی ڕاست بکاتەوە کە ئەویش بەکارهێنانی پیتی (د) داڵە لە هە ندێك کاری کارا نادیاردا لە نووسینەکانی ئەم سەردەمەدا، کە لە کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا لە نووسینی هەندێك نووسەرو ڕۆژنامەنووس و بنووساندا پێش چاو دەکەوێت، بۆیە وامان بە باش زانیبوو هەر لە بنچ و بنەوانەوە باسی دەستووری کاری کارا نادیارو یاساو ڕێساکانی لە زمانی کوردیدا بکەین و دەستووری دروستکردنی ئەم جۆرە کارە لەزمانی کوردیدا روون بکەینەوە .

نووسەر سەرنجی لەو بارەوە هەیە کە گوتوومانە ( ئەگەر بمانەوێت کاری کارا نادیار لە چاووگی تێپەڕەوە دروست بکەین ،( کە کاری کارا نادیار تەنیا لە چاووگی تێپەڕەوە دروست دەکرێت )، ئەوە ڕەگی چاووگەکە وەردەگرین و نیشانەی (را) دەخەینە سەر کاری کارانادیاری تافی ڕابوردووی لێدروست دەکەین)، پاشان دەڵێت ( نووسەر نیشانەی نادیاری و نیشانەی مۆرفیمی

ڕابردووی دەستنیشان نەکردووە یەکسەر هاتووە نموونەی هێناوەتەوەو (را)ی خستۆتە (خستووەتە م . ر ) سەرو کردوویەتی بە کاری ڕابوردووی کارا نادیار)و دەڵێت ( ئەو رایە لە دوو بەش پێکهاتووە)و دەگاتە ئەوەی دەڵێت: ( مۆرفیمەکانی کاری ڕابوردوو لە بناغەدا لە دوای لابردنی (نوونی چاووگ) لە پێنج مۆرفیم پێکدێت) کە گوایە ئەم پێنج مۆرفیمە (و ، ی ، د ، ا ، ت ) دەبنە (هیماو نیشانەی مۆرفیمی ڕابوردوو)، لە وەلامدا دەڵێین بابەتەکە لە دەستووری زمانی کۆڵیوەتەوەو خۆی لەقەرەی دەنگ و دەنگسازی واتە فۆنەتیك و مۆرفۆلۆژی زمان و شیکردنەوەی دەنگەکان نەداوە، ئەگەرچی دەزانین هەر زمانەو لە ( چەندین فۆنیم پێکدێت )و ( بە مۆرفیمێك یان پتر وشە پێکدێت )و ( مۆرفیمیش بچووکترین دانەی وشەی واتاداری زمانە ) ، چونکە ئەگەر بەو پێیە بێت ( و ، ی ، د ، ا ، ت ) هیچ واتایەکیان نییە ؟؟ بۆیە لە باسکردنی زماندا، لە ناوەندەکانی خوێندندا، تەنیا باسی ئەوە دەکرێت کە لە زمانی کوردیدا پێنج جۆرە چاووگ هەن کە بریتین لە چاووکی ( ئەلفی و تائی و دالی و یایی و واوی) ئەگەرچی لە کرمانجی ژووروودا ( دالی ) چاووگە دالییەکان تێدەچێت و دەبێتە (ر)ێ وەك :

کردن — کرن ، بردن — برن ، مردن — مرن ، خواردن — خوارن

بەم شێوەیە چاووگێکی دیکە لە زمانی کوردیدا زیاد دەکات و دەبێتە شەش جۆر کە ( ئەلفی ، تائی ، دالی ، یایی، واوی ، رایی )ن ئەمەیش تا هەنووکە کەس ئاماژەی پێنەداوە، بۆیە سەرنجەکەی هیچ لە پرسی دەستوورەکە ناگۆڕێت تەنیا جیاوازییەك لە نێوانماندا هەبێت پرسی زاراوە بەکارهێنانە، ئێمە نیشانەی (را)و (رێ)مان بەکارهێناوە، ئەویش مۆرفیمی نادیاری و

مۆرفیمی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو، بابەتەکەی ئێمە بە مەبەستی دەرخستنی یاساو دەستووری دروستکردنی کاری کارا نادیار لە زمانی کوردیدا لە ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا نووسراوە، ویستوومانە بۆ خوێنەری روون بکەینەوە ئەو دەستوورە چۆنە، بۆیە تەنیا مامەڵەمان لەگەڵ (پیت)دا کردووە، کە پیت بە خۆی هیمای دەنگەکانی زمانە کە لەقورگەوە دەردەچن و مرۆڤ (پیت)ی بۆ داناون تا بتوانێت وێنەی ئەو دەنگانە لەسەر کاغەز تۆمار بکات و مەبەستی خۆی بە نووسین بە کەسانی دیکە بگەیەنێت، هەرچی مۆرفۆلۆژییە ئەوە مامەڵە لەگەڵ دەنگدا دەکات !!

بۆیە نیشانەی (را)و (رێ) بە هەردوو نیشانەی نادیاری بۆ کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووی کارا نادیار دەزانین، چونکە کە زمان دروست بووە یاساو ڕێسای خۆی ڕێکخستووە، نە فۆنیم و نە مۆرفیم و زاراوەکانی دیکە نەبوونەو لە ناوەندەکانی خوێندندا دەستووری زمان بەو شێوەیە بۆ فێرخوازان شی دەکرێتەوە، خۆی لە فۆنۆلۆژی دوور دەخاتەوەو تەنیا بایەخ بە رستەسازی دەدات و نموونەکان بەو شێوەیە دەهێنێتەوەو بابەتی فۆنیم و مۆرفیم بابەتێکی ئەکادیمیانەیەو لە زانکۆکان و لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا نەبێت بەکار نایەت، چونکە سەرلە فێرخواز دەشێوێنێت .

دوای ئەوە نووسەر هاتووەتە سەر نەرێ کردنی کاری کارا نادیارو دەڵێت (نە) لە ڕابوردوو و (نا) لە ڕانەبوردوودا بە کاردێن، کە هەموو قوتابییەکی ناوەندی و دواناوەندی ئەوە دەزانن، بۆیە ئەوەمان باس نەکردووە، چونکە شتێکی زانراوە لە تافەکانی کاردا بۆ نەرێ (نە) بۆ ڕابوردوو و (نا) بۆ ڕانەبوردوو بەکار دێت، لە کاری داخوازیدا نەبێت کە (مە)و (نە)یش

بەکاردێت، جگە لەوەی کە لە شێوازی مەرجیشدا دەتوانین (نە) لەگەڵ ڕانەبوردوودا بەکاربهێنـــــین وەك ( ئەگەر نەچیت، نایبینیت ) .

نووسەر دێتە سەرر ئەوەی گوایە ئێمە پێمان وایە لە ڕەگی کاری ڕانەبوردووەوە دەتوانرێت کاری کارا نادیار وەربگیرێت و دەڵێت ( لە هەندێك حاڵەتدا لە ڕەگی ڕابوردووی (قەدی چاووگ) وەردەگیرێت ) و نموونەی هێناوەتەوە وەك چاووگی : ویستن و گوتن، بێ ئەوەی ئاگەی لەوە بێت کە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر چاووگی ناجۆرمان هەیە، وات چاووگی (شاز) ناوازە یان ناپێوانەیی کە لە یاساو دەستووری زمان لا دەدەن، چونکە ڕەگی ڕابوردوو و ڕانەبوردوویان لە یەك ناچێت، بۆیە بەگشتی دەستووری چاووگە پێوانەیییەکانمان ڕوون کردبووەوەو نەشمانویستبوو بابەتەکە درێژ ببێتەوە، تەنیا مەبەستمان ئەوە بووە ڕێساکە بچەسپێنین و بیسەلێنین کە ئەو (د)دالەی هەندێك لە نووسیندا لە کاری کارا نادیاری ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا بەکاری دەهێنن ڕاست نییەو هەبێت و نەبێت ناوچەییەو ناوچەییش لە زماندا نابێتە دەستوور .

ئەوەیش ڕوون دەکەینەوە کە ڕەگی چاووگ ئەو ڕەگەیە کە لە کاتی دروستکردنی کاری ڕانەبوردوودا دروست دەبێت و زمان بەپێی جۆری چاووگەکان دەستووری خۆی ڕێکخستووە، لە چەند چاووگێکدا ئەو ڕەگە لەگەڵ قەدەکەیدا یەك دەگرنەوە، ئەوە ئیشی دەستووری زمانەو وای ڕێکخستووەو ناکرێت بگۆڕرێت، وەك :

| چاووگ | ڕەگ | کاری ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردوو | ڕابوردووی نادیار | ڕانەبوردووی نادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| کردن | کە | دەکەم | کردم | کرا | دەکرێت |
| کڕین | کڕ | دەکڕم | کڕیم | کڕرا | دەکڕرێت |
| فرۆ | فرۆ | دەفرۆشم | فرۆشتم | فرۆشرا | دەفرۆشرێت |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گوتن | لێ | دەڵێم | گوتم | گوترا | دەگوترێت |
| بێژان | بێژ | دەبێژم | بێژیم (گوتم) | بێژرا | دەبێژرێت |

بەڵام لە حاڵەتی هەندێك چاووگی پێوانەییدا واتە چاووگی دەستووریدا ڕەگی چاووگ لە ڕابوردوو و ڕانەبوردووا یەك شت دەبێت وەك :

| چاووگ | ڕەگ | ڕانەبوردوو | ڕابوردووی نادیار | ڕانەبوردووی نادیار |
|---|---|---|---|---|
| بەستن | بەست | دەبەستم | بەسترا | دەبەسترێت |
| بینین | بین | دەبینم | بینرا | دەبینرێت |
| سەندن | سەن(سێن) | دەسەنم، دەسێنم | سەنرا، سێنرا | دەسەنرێت، دەسێنرێت |

هەڵبەتە دەتوانین بڵێین لە چاووگی (ی)دا بە لابردنی (ن)ی چاووگ قەدی چاووگ دروست دەبێت و ڕەگی ڕانەبوردوویش بە لابردنی (ی)ی قەدەکە دروست دەبێت، ئەمەیش دەبێتە یاساو دەستووری دروستکردنی ڕەگی چاووگ لەم جۆرە چاووگەدا وەك :

| چاووگ | قەد | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردوو | کاری ڕانەبوردوو |
|---|---|---|---|---|
| نووسین | نووسی | نووس | نووسی | دەنوسێت |
| پۆشین | پۆشی | پۆش | پۆشی | دەپۆشێت |
| کڕین | کڕی | کڕ | کڕیت | دەکڕیت |

هەروەها چاووگی ئەلفی و دالی و تائی و واوی دەستووری خۆیان هەیەو بە پێی ئەو دەستوورە ڕەگی ڕانەبوردوو و قەدیان وەردەگرین؛ وەك نووسەر

نووسیویەتی نەبیستراوە لە چاووگی (فرۆشتن)دا کاری ڕانەبوردووی کارا نادیار (دەفرۆشترێ)و لە چاووگی (ڕستن)دا (دەڕێسترێ) بێت !!

جگە لەوەیش نووسەر ڕەخنەی لەوە گرتووە کە گوتوومانە کاری کارا نادیاری ڕابوردوو و ڕانەبوردوو لە کرمانجی ژووروودا کاری یاریدەدەری (هاتە) بۆ ڕابوردوو، (دەهێتە) بۆ ڕانەبوردوو و ئێستەو دانەهاتوو نەك (داهاتوو) بەکاردێت و دەڵێت ( ئەو کاری یاریدەدەرە لە چاووگی هاتنەوە هاتووە ) کە نەمانویستووە ئاماژەی پێبکەین، لەبەر ئەوەی روونە کە لە چاووگەوە وەرگیراوە، چونکە ئەگەر گوتت کار ئەوە دەبێت بزانرێت لە چاووگەوە وەرگیراوە .

هەروەها هاتووە باسی نەرێکردنی کارەکانی کردووە، کە (نە) بۆ ڕابوردوو، (نا) بۆ ڕانەبوردووی کارا نادیار بەکار دێت، ئەمەیش شتێکی بەدیهییەو ئێمە تەنیا باسی کاری ئەرێمان کردووەو نەمانویستووە باسی نەرێ بکەین کە هیچ لە بابەتی دیاریکردنی دەستوورە زمانییەکییە ناگۆڕێت، ئەمە بە کورتی وەڵامی ڕەخنەکانی نووسەر بوو، بەڵام دەبێت نووسەر بزانێت کە دەزانین لە زمانی کوردیدا چاووگی دەستووری واتە پێوانەیی و چاووگی نادەستووری واتە ناوازەمان هەیە وەك نموونەیەکمان پێشانداوەو چاووگی ناوازەیش ئەو چاووگەیە کە ڕەگی ڕانەبوردووی لەگەڵ قەدی چاووگدا یەك ناگرنەوەو لەسەرجەم چاووگەکانی زمانی کوردیدا شازدە لەسەد چاووگی ناوازەن، ئەوانی دیکە کە هەشتاو چوار لەسەدن چاووگی پێوانەیین، بەڵام ئەو چاووگانەی لە دەنگە سرووشتییەکانەوە وەرگیراون یان ئەوانەی بە سۆفێکسی (اندن) دروستکراون نەخراونەتە هەردوو لیستەکەوە، بۆیە لێرەدا

لیستێکی تەواوی چاووگە ناوازەکان لەگەڵ ڕەگی ڕانەبوردوو و قەدی ڕابوردوو و ڕانەبوردوویاندا دەخەینەروو :

| چاووگ | قەد | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردوو | کاری ڕانەبوردوو |
|---|---|---|---|---|
| دان | دا | دە | دایان | دەدەن |
| مان | ما | مێ | مایت | دەمێنیت |
| دانان | دانا | نێ | دانا(داینا) | دادەنێت |
| ژیان | ژیا | ژی | ژیا | دەژیت |
| هەڵستان | هەڵستا | س(ست) | هەڵستا | هەڵدەستێت |
| دیتن | دیت | بین | دیتت | دەبینیت |
| فرۆشتن | فرۆشت | فرۆش | فرۆشتت | دەفرۆشیت |
| گوتن | گوت | لێ | گوتت | دەڵێیت |
| هێشتن | هێشت | هێڵ | هێشتت | دەهێڵێت |
| هاتن | هات | هێ(ێ) | هات | دەهێت(دێت) |
| هاویشتن | هاویشت | هاوێ | هاوێشت | دەهاوێت |
| نوستن | نوست | نو | نوست | دەنوێت |
| پاڵاوتن | پاڵاوت | پاڵێو | پاڵاوت | دەپاڵێوم |
| خستن | خست | خە | خستم | دەخەم |
| بوردن | بورد | بور | بوردم | دەبورم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مردن | مرد | مر | مرد | دەمرێت |
| سەندن | سەند | سێن(سەن) | سەندم | دەسێنم(دەسەنم) |
| خواردن | خوارد | خۆ | خواردیان | دەخۆن |
| بزووتن | بزووت | بزوو | بزووت | دەبزوێت |
| رستن | رست | رێس | رستی | دەرێسێت |
| گەستن | گەست | گەز | گەستی | دەگەزێت |
| خواستن | خواست | خواز | خواست | دەخوازێت |
| پشکوتن | پشکوت | پشکوێ | پشکوت | دەپشکوێن |
| نیشتن | نیشت | نیش | نیشت | دەنیشێت |
| لیستن | لیست | لێس | لێستی | دەلێسێت |
| کوشتن | کوشت | کوژ | کوشت | دەکوژێت |
| کرۆشتن | کرۆشت | کرۆژ | کرۆشتی | دەکرۆژێت |
| گرتن | گرت | گر | گرتی | دەگرێت |
| هاژووتن | هاژووت | هاژوو | هاژووتم | دەهاژووم |

سەرچاوەکان :


- ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم : پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین ، دەزگەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٤
- نووسەری نوێ ژمارە (٢١و ٢٢) ، سەرنج وو تێبینییەکانی خۆم .

# پرۆسەی خوێندن و کێشەی داڕشتن !!!

لەم سەردەمەی پێیدا تێدەپەڕین پرۆسەی خوێندن و فێربوون بە قۆناغێکی گرنگدا تێدەپەڕێت و بواری فێربوون فرەوانتر بووەتەوەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەك کۆمپیووتەرو پێوەندی ئەلیکترۆنی و ئینتەرنێت بوونەتە هۆکاری هاوچەرخانەی بواری خوێندن و فێرکردن و، قوتابیان لە قوتابخانەکاندا ئەو وانانە دەخوێنن و فێری بەکارهێنانی کۆمپیووتەرو زانستی نوێ دەکرین، ئەمەیش پرۆسەی خوێندن و فێربوون پتر بەرەو پێشەوە دەبات و ئاسۆی ڕوون لەبەردەم نەوەکاندا دەکاتەوە .
لە هەرێمی کوردستانی خۆیشماندا پرۆسەی خوێندن سوودی لەو تازەگەری و ئەو ئەزموونانە وەرگرتووەو لەم ساڵانەی دواییەدا وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ئەزموون و پرۆگرام و تاقیکردنەوەی نوێی بواری خوێندن و فێرکردنی خستە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن و فیرکردنەوە، لەوانەیش قوتابخانەی هاوڕێ و قوتابخانەی بەهرەداران و خوێندن و فێربوونی کۆمپیووتەرو ئینتەرنێت و سوودوەرگرتن لە بەرنامەی خوێندنی وڵاتە پێشکەوتووەکان و تەنانەت کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی کە ئاستێکی زۆر بەرزی هەیەو دەرچووانی ئەو قوتابخانە لە ناودارترین زانکۆکانی جیهان وەردەگیرێن، هەروەها گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا کراوەو بگرە ئەم ساڵیش خوێندنی زمانی ئنگلیزی وەك ئەزموون لە چەند قوتابخانەیەکدا لە پۆلی یەکەمی

سەرەتاییەوە دەستی پێکرا، کە هەر هەموو ئەمانە دەبنە هەنگاوی پتەوو پرۆسەی فێرکردن بەرەو پێشەوەتر دەبەن .

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا پرۆسەی فێرکردن و خوێندن پێویستیان بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك هەیە بە پێشنیارو تێبینی و سەرنجەکانیان دەوڵەمەندتری بکەن و پێشنیارو بۆچووەکانیان لەمەڕ ئەو پرۆسەیە تۆمار بکەن بخەنە بەردەست بەرپرسانی پەروەردەیی، بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگیرێت و ببنە مایەی پێشکەوتنی پتری پرۆسەکە لە پێناوی بنیاتنانی تاکێکی هوشیارو تێگەیشتووتردا، کە بەوپەڕی هوشمەندییەوە بتوانێت سوود بە کۆمەڵ و خاك و نیشتمان بگەیەنێت .

لەم ڕووەوە هەندێك سەرنج و تێبینی لەمەڕ کێشەیەکی گرنگی پەروەردەیی دەخەینە ڕوو، کە زۆربەی زۆری قوتابیانی شەشی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش کێشەی نووسینی دارشتنە چ بە کوردی بێت یان بە عەرەبی، ئەمەیش وایکردووە ئەو قوتابیانەی بە دەستی ئەو کێشەوە دەناڵێنن پەنا بۆ ئەم ماموستاو ئەو ناسیاوو ئەو دۆستی باب و کەس و کاریان ببەن، چ لە کاتی پرۆسەی خوێندن یان لە کاتی ئەزموونە گشتییەکاندا بۆ ئەوەی بابەتێکی دارشتنیان بۆ بنووسن و ئەوانیش لەبەری بکەن یان بە دەستی خۆیان بینووسنەوەو بیگوازنەوە ناو تێنووسەکانیان و پیشانی مامۆستای بدەن و مامۆستایش بێ ئەوەی بپرسێت چۆن ئەمەت نووسیوە یان کێ ئەمەی بۆ نووسیویت، نمرەی مانگانەی پێ بدات، کە ئەمەیش وایکردووە دیاردەکە پتر تەشەنە بکات .

لەو چوارچێوەیەوە من وەك مامۆستای زمانی کوردی و وەك کوردیزان و عەرەبیزانیش لە لایەن خزم و کەسوکاری زۆر قوتابیانەوە زۆر جار ڕوویان

لێناوم چ بە عەرەبی یان بە کوردی دارشتنیان لەسەر بابەتێك بۆ بنووسم، کە ئەمەیش زۆر جار وای لێکردووم کارەکانی خۆم بە لاوە ناوەو خەریکی ئەو سوخرەیە بوومەو کاتی لێ کوشتووم و لە دڵیشەوە حەزم نەکردووە بیکەم، بەڵام لە ڕووی ئەو کەسانەم نەداوە ، بەڵکو لای ئەم و ئەو باسی نادروستی ئەو دیاردەیەم کردووە، کە دیاردەیەکی تەشەنەکردووی نێوەندەکانی خوێندنەو جارو بار لێرەو لەوێ ئاماژەی بۆ کراوەو، دەکرێت سنوورێکی بۆ دابنرێت، ئەویش بە پێی ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان لەو بارەوە ، کە لە لایەن مامۆستایان و پەروەردەکارانەوە بۆ ئەم مەبەستە دەخرێنە ڕوو .

لێرەدا دەگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووین، کە خوێندن بە عەرەبی بوو، ئێمەیش لەو گوندە لاتەریکەی سەر ڕووباری سیروان بووین لە گوندەکەی خۆمانەوە سەعاتە ڕێیەك بە پێ دەچووین لە قوتابخانەی دێکەی دیکە دەمانخوێند، کە تاکە قوتابخانەی ئەو ناوچەیە بوو، مامۆستاکانمان بە عەرەبی وانەیان پێدەگوتینەوە، کە کوردو عەرەبیان تێدا بوو، ئەو کاتە مامۆستایەکی عەرەب وانەی خوێندنەوەی پێدەگوتینەوە، زۆربەشمان مانای وشەکانمان نەدەزانی، جارێکیان لە قوتابییەکانی پرسی دەزانن وشەی (قال) واتە گوتی چییە؟؟ هەموویان گوتیان بەڵێ دەزانین، بەڵام لەڕاستیدا نەیاندەزانی، چونکە هەر هەموویان وایان دەزانی مەبەست لە (قال) ، ئەو (قالە) وردە فرۆشەیە کە لە دێیەکە بوو، بۆیە گوتیان (قالە وردە فرۆش) !!! ئەویش گوتی نا، ئەو وشەیە ئەو نییە، بەڵکو (گوتی) دەگەیەنێت، مەبەست لەو ڕووداوە ئەوەیە کە بڵێم ئێمەی قوتابی لەو گوندە دوورەدەستەدا کە بە زمانێکی دیکە دەمانخوێند گەیشتینە ئەو

ڕادەیەی بە زمانی عەرەبی بنووسین و لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشی سەرەتایی داڕشتن بە زمانی عەرەبی بنووسین و پلەی بەرز بەدەست بهێنن و هیچ کاتێك پەنا بۆ قوتابی یان زمانزانی لە خۆمان گەورەتر نەبەین بۆ ئەوەی داڕشتنێکمان بۆ بنووسن، کەچی هەنووکە دیاردەکە تەشەنەی کردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە بارەی داڕشتنەوە ئەم سەرنجانە بخەینە ڕوو .

ماوەیەکە ئەوەمان بەرگوێ دەکەوێت کە قوتابیان لە داڕشتندا ئاستی بیرکردنەوەو ڕێکخستنی ڕستەو بیرۆکەیان لاوازەو ناتوانن وەك پێویست بیربکەنەوەو بابەتێکی داواکراو بنووسن و بە تەواوی بچنە ناوەرۆك و کرۆکیەوە، بۆیە چەند بیرو ڕا لەو بارەوە هەن کە هەندێکیان دەڵێن ئەوە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە خودی مامۆستاوە هەیە، ئەویش یان لەبەر ئەوەی ناونیشانی بابەتەکەی باش دانەڕشتووە یان هەندێك تەم و مژ لە ناونیشانی بابەتەکەدا هەیەو لە ژینگەو ئەو ژیانەوە دوورە کە قوتابییەکە دەیگوزەرێنێت، هەشن دەڵێن خودی قوتابی هۆی سەرەکی ئەو لاوازییەیە، چونکە بە خۆی بەرهەمی نووسراوو کتێب بە زمانی خۆی و بەو زمانەی پێی دەخوێنێت، ناخوێنێتەوەو باش بە کرۆکی زمانەکەی خۆیدا قووڵ نەبووەتەوەو سوود لەو کتێب و بابەتانە وەرناگرێت کە لە کتێبخانەی قوتابخانە یان لە ماڵەوەدا یان لە بابەتی خوێندندا هەن و ئەرکەکانی خۆی باش ئەزبەر ناکات و چالاکی لە بواری داڕشتن و نووسیندا نانوێنێت .

هەندێکیش هەن دەڵێن هۆیەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەشانە دەگەڕێتەوە کە زۆرتر قوتابی یان باوك و دایکی قوتابیان حەزو ئارەزوویان لێیە کە کوڕەکانیان بیخوێنن، ئەویش ئەوەیە کە زۆرترین قوتابی ئارەزوو دەکەن

بچنە بەشی زانستی و بۆ بەشە زانستییەکانی زانکۆ ئامادەبکرێن، وێڕای بایەخنەدان بە کتێبی خوێندن و ڕۆنەچوونە ناو بابەتە جۆراو جۆرەکانیەوەو نەبوونی هاندەر لەو بارەوە .

کەچی هەن بڕوایان وایە ئەو لاوازییە بۆ شێوازی هەڕەمەکی گوتنەوەی ئەو بابەتەیە کە تەنیا بەشێکە لە وانەیەك، ئەویش وانەی زمانە کە لە ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوەو دارشتن پێکدێت، کاتی ئەوەیش نییە ئەو بابەتە ڕۆژانە بخوێنرێت و تەنیا وەك بابەتێك لە بەشەکانی دیکەی وانەی زماندا بابەتك بە قوتابیان دەدرێت و داوایان لێدەکرێت لە ماڵەوە لەسەری بنووسن، وێڕای لاوازی هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابی و نەبوونی پێوەری ورد لەو بارەوەو تەنیا بایەخدان بە لایەنی هونەری ڕاڤەکردنی بابەتەکان و مەشق پێکردن لەسەر دارشتن و لاوازی ئەندێشەی قوتابی و نەخوێندنەوەی سەرچاوەکان .

هەشن کۆمەڵ بە بەرپرسیار دەزانن، مەبەست لەوەیش ڕۆڵی ڕاگەیاندنە لە ڕووی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ڕواڵەتی و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری وێنە لەسەر حسێبی ڕۆشنبیری نووسراوو دوورکەوتنەوەی قوتابی لە ڕۆشنبیری نووسراوو خوێندنەوەی کتێب و پشت گوێ خستنی ئەو فاکتەرە ڕۆشنبیرییە کە ئەندێشەو بیرکردنەوەی قوتابی قووڵترو فرەوانتر دەکات، بەڵام هەشن دەڵێن هەلی تەواو بۆ قوتابی نارەخسێت تا بەردەوام دەق بەرهەم بهێنێت، کە ئەمەیش وای لێدەکات ئارەزووی نووسینی لا نەمێنێت، یان ڕێی نەدرێت خۆی لەسەر نووسین ڕابهێنێت تا خامەی خۆی لە دارشتن و دەربڕیندا بەکار بهێنێت و ئەسپی بیرو خەیاڵ و نووسین تاوبدات و ببێتە سواری ئەو بوارەو نەگلێت .

لەگەڵ ئەوەیشدا هۆیەکی دیکەیش دیاری کراوە، ئەویش ئەوەیە کە خودی قوتابی وەك پێویست زانیارییەکان وەرناگرێت و لە ڕووی ڕێزمانەوە لە نووسین ناگات، جگە لە چەندین هۆکاری دیکە لەوانەیش نەبوونی هاندەر بۆ ئەوەی قوتابی نووسین و داڕشتن بەرهەم بهێنێت و واتای ئەو نووسینەی بخرێتە مێشکەوە کە دەینووسێت، بۆیە ئەگەر ئەو بەرهەمەی قوتابی بێ واتاو مەوداو مەبەست بوو لەوانەی قوتابی بایەخیان پێدەدات، ئەو کات خامەی ئەو قوتابییە بە بڕشت نابێت و ئارەزووی ئەوە ناکات بەردەوام بنووسێت ، بۆیە تەنیا ئەو شتانە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێتەوەو دەنووسێت کە ئەزبەری کردوون یان شتی هەڵبەستراون .
بۆیە زۆر لە مامۆستایان شێوازی نوێیان بۆ دەربڕین و داڕشتن داهێناوە، بەڵام لەئاکامدا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو شێوازانەیش جۆرەکی و سواون، بۆیە پێویست بەوە دەکرێت بابەتی نوێ بخرێنە ڕوو تا نووسینی نوێمان دەست بکەوێت کە هەندێك لە داهێناەکانی قوتابیانیان تێدا بێت، دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە ئێمە ئەمڕۆ زۆرتر لەسەر ئەندێشە کاردەکەین وەك ئەوەی لەسەر چۆنیەتی و هونەری نووسین دەربڕین کاربکەین، بگرە کاتێك قوتابیان فێری داڕشتن دەکەین ئەوە دەگەیەنێت کە فێری هونەری نووسینیان دەکەین، نەك چۆنیەتی نووسین و داهێنان، لەوەیشدا بڕوامان وایە ئەگەر قوتابی فێری هونەری نووسین بکەین ئەو کات دەتوانێت داڕشتنێکی باش بنووسێت .
پێویستە لە قوتابیان بپرسین ئایە کاتێك داوایان لێدەکرێت داڕشتنێك لەبارەی ئەو بابەتەوە بنووسن کە مامۆستا داوای لێکردوون، ئەو هونەرو ئەو زانیارییانە بەکاردێنن کە لە ڕاڤەکردنی دەقەکان و مەشق کردن لەسەر

دارشتن گوێیان لێ بووەو بیستوویانەو ئەزبەریان کردووەو فێریان بوونە، یان مەرجەکانی نووسین لەگەڵ پەی بردن و ئاگەداربوونی مەرجە هونەرییەکانی دارشتن و نووسین زۆر جیاوازن ؟؟ بۆیە لاوازی قوتابیان لە نووسینی دارشتن و دەربڕین بۆ نەزانینی چۆنیەتی نووسین و دارشتن ناگەڕێتەوە، بە ڕادەی ئەوەی بۆ نەزانینی زمان و ڕێزمانی زمان و نەزانینی زاراوەو وشەگەلی زمان دەگەڕێتەوە .

هەڵبەتە لەبەر سەرقاڵی مامۆستایان و قوتابیان و نەبوونی کات بۆ ڕاڤەکردنی بابەتەکانی دارشتن وا لەقوتابیان دەکات کە دەقی لاواز بەرهەم بهێنن، کە پتر پەنا بۆ ئەندێشەی خۆیان ببەن، چونکە وانەکانی خویندن و زۆری بابەتەکان دەبنە بەربەست لەبەردەم ئەو ئەندێشەو خەیاڵەی قوتابیان کە پتر بەڕێنوێنی و ئامۆژگاری پڕ کراوەتەوە، ئەمەیش وا دەکات بە زەحمەت بتوانن ئەو دارشتنە بنووسن کە مامۆستاو خۆیشیان ئارەزووی دەکەن .

هەروەها بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە ئەگەر قوتابیان ئازاد بن و کاتی پێویستیان لەبەردەمدا بێت ، ئەو کات بە ئەندێشەیەکی قووڵ و بە نەفەسێکی درێژ دەنووسن، پتر لەوەی ئەگەر بەربەستیان لە بەردەمدا هەبێت، چونکە نووسین خۆی لە خۆیدا ئازادییە، هەرچەندە قوتابیان وانەیان زۆر بێت و پاڵەپەستۆی پرۆگرامی خوێندنیان لەسەر هەبێت، بەڵام ئەگەر ئازاد بن و ئازادییان پێببەخشرێت، ئەو کات دارشتنەکەیان سەرکەوتوانەتر دەبێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت مامۆستا بابەتیان پێ بدات و بچن لە ماڵەوە لەسەری بنووسن، ئەو کات دەچن پەنا دەبەنە بەر ئەم و ئەو بابەتەکەیان بۆ بنووسێت و ، پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەست

ناهێنێت، چونکە ئەو کات پشت بە خۆیان نابەستن و مەبەستی خوێندن و فێرکردنیش نایەتە دی و ڕەنجی مامۆستایان بە فیڕۆ دەڕوات و ئامانجی پرۆگرامەکەیش بەدی نایەت .

لە لایەکی دیکەوە ئەو پرۆگرامانەی لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێن ڕێ لە ئەندێشە دەگرن و پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەخەنە سەر قوتابیان و کارێکی وا دەکەن نووسینی هەر هەموویان کۆپیکراوی یەکدی بێت .

بۆیە کراوەیی و نەرمی پرۆگرامەکانی خوێندن و هەلی دەربڕین بە نووسین و داهێنانی قوتابی و وەرگرتن و باسکردنی بابەتی جۆراوجۆرو کەمکردنەوەی ئەو ئەرکانەی پتر پێویستیان بە ئەزبەرکردن و سزا هەیەو دواندنی ئەندێشەی قوتابی و بایەخدان بە خوێندنەوەی دەرەکی کە پاڵپشتی بەرهەمی نووسراو دەکات و ئازادی دەستپێشخەری مامۆستاو هەل ڕەخساندن بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوون، هەر هەموویان کارێکی وا دەکەن کە قوتابیان سوود لە وانەی داڕشتن ببینن و بتوانن داڕشتنێکی باش بنووسن، کە بەهرەی خۆیانی تێدا دەربخەن و داهێنانی تێدا بێت، نەك تەنیا بۆ وەرگرتنی نمرە بێت، بەڵکو مەبەست لە نووسینی داڕشتن تاقیکردنەوەی بەهرەی قوتابیانە ، کە چەندین بەهرەی شاراوەیان تێدایە لە لایەن مامۆستایانەوە دەدۆزرێنەوەو هان دەدرێن، بۆ ئەوەی بچنە کۆڕی نووسین و داهێنانەوەو چیرۆکنووس و شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیریان تێدا هەڵبکەوێت .

دەشبێت قوتابیان بەوە ڕابهێنرێن بە خۆیان لە پۆلدا داڕشتن بنووسن، هیچ کاتێك بابەتی داڕشتن لە ماڵەوە نەنووسن، چونکە وەك گوتمان ئەو کات تەمبەڵی دایاندەگرێت و پەنا دەبەنە بەر کەسانی دیکە تا داڕشتنیان بۆ

بنووسن، چونکە هەنووکە زۆررقوتابی هەن زمانی کوردی یان عەرەبی باش نازانن، پێویستیان بە فێربوونە، کەچی بۆ دارشتن پەنا دەبەنە بەر کەسانی دیکەو ڕوو لەم و لەو دەنێن بە عەرەبی یان بە کوردی دارشتنیان بۆ بنووسن، کە ئەمەیش پێچەوانەی پرۆگرامەکانی خوێندنەو، ڕێش لە فێربوونی قوتابیان و پشت بە خۆبەستنیان دەگرێت و ، ئامانجەکانی خوێندنو فێربونیش ئیفلیج دەکات .

لەم ڕووەشەوە دەبێت مامۆستا بۆ قوتابی ڕوونی بکاتەوە کە باشترین دارشتن ئەوەیە قوتابی پشت بە خۆی بەستبێت و بە خۆی بینووسێت یان نووسیبێتی، ئەو مەرجانەشی ڕەچاو کردبێت، کە بە وشەی جوان و پەندو زاراوەو وتەی ناوداران و ڕووداوی واقیعی ڕازاندبێتیەوە، لە ناوەرۆك و چوارچێوەی ناونیشان و بابەتە داواکراوەکە دەرنەچووبێت، بۆ ئەمەیش ئەوە بە باش دەزانین دارشتن ببێتە وانەیەکی سەربەخۆی هەفتانەو نمرەی زۆرتری بۆ تەرخان بکرێت، بە شێوەیەك پاڵ بە قوتابیانەوە بنێت بە شێوەیەکی باشتر فێری ببن و بینووسن و داهێنانی تێدا بەدی بهێنن .

٢٠٠٦-١١-٢٣

# جیاوازی نێوان ئاوەڵناوی ئادیاری دی، دیکەو ئاوەڵناوی بەراورد تر، ترین

زمانی کوردی دەستووری ڕێك و پێکی بۆ هەموو شێوازەکانی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکارو کارو تاقەکانی داناوە، بە شێوەیەك هیچ هەڵەیەك هەڵنەگرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر جار لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هەڵەیەکی باو لە زمانی ڕۆژانەدا دەکرێت، کە زمانزانان لێی دەکۆڵنەوە، بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو شێوازە هەڵەیەو ڕاستەکەی دەخەنە بەردەم خوێنەر بۆ ئەوەی ئەو هەڵە ڕاست بکەنەوەو جارێکی دیکە ئەو هەڵەیان بەسەردا تێنەپەڕێت، یەکێك لەو هەڵە باوانەیش بەکارهێنانی ئاوەڵناوی بەراوردکاری (تر)ە لەگەڵ ئاوەڵناوی (دی، دیکە)دا، کە لە ناوچەیەکی بەرفرەوان بەکاردەهێنرێت، بگرە شاعیران و نووسەرانیش لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوەو هەستیان بەو جیاوازییە نەکردووە، بۆیە لێرەدا دەمانەوێت لە ڕووی ڕێزمانەوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوەو ڕاستەکەی بخەینە بەردەم خوێنەران بۆ ئەوەی لەمەودوا بە شێوەیەکی دروست ئەو دوو شێوەیە لە قسەکردن و نووسیندا بەکاربهێنن .

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی بەراورد (تر، ترین) تەنیا لەگەڵ ئاوەڵناودا بە کار دێن، ئەویش بۆ دەرخستنی پلەی بەراوردی ئاسایی و پلەی بەراوردی باڵا، تا بتوانین ئەو شتەی باس دەکرێت بە هۆی ئەو پلەی بەراوردکارییەوە لە یەك دی جیا بکەینەوە، بۆ نموونە :

ئەگەر ئاوەڵناوی سادەی جوان لە ڕستەدا بەکار بهێنین و بیخەیەنە پلەی بەراوردەوە، ئەم ڕستانە دێنینەوە :

چەپکە گوڵێکی جوانم کڕی

چەپکە گوڵێکی جوانترم کڕی

جوانترین چەپکە گوڵم کڕی .

لێرەدا لە یەکەمین ڕستەدا (جوان) ئاوەڵناوەو دراوەتە پاڵ چەپکە گوڵ، کە بووەتە ئاوەڵناوی سادەو سیفەتی جوانی بە چەپکە گوڵەکە بەخشیوە، بەڵام لە دووەمین ڕستەدا وشەی (جوانتر) بووەتە ئاوەڵناو بۆ چەپکە گوڵەکە بەڵام لە پلەی بەراورددا، چونکە چەپکە گوڵەکە لە یەکەمین گوڵی یەکەمین ڕستە جوانترە، هەرچی سێیەمین رستەیە، ئاوەڵناوەکە گەیشتووەتە پلەی بەراوردی باڵاو بووەتە (جوانترین)، تا لە چەپکە گوڵەکانی دیکەی جیا بکەینەوە، بۆیە پێی دەگوترێت پلەی بەراوردی باڵا، ئەمەیش لە زمانی کوردیدا قاڵبی خۆی گرتووەو هیچ هەڵە وەرناگرێت و ، پێویست بەوە دەکات خوێنەرو نووسەران هەستی پێبکەن و بە دروستی بەکاری بهێنن و بە ئاوەڵناوی نادیاری (دی، دیکە)ی تێکەڵ نەکەن .

پێویستە ئەوەیش لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕوون بکەینەوە کە بەردەوام ئاوەڵناوی نادیاری (دی، دیکە) لە دوای ناوەوە دێن، بەڵام (تر، ترین) تەنیا لەگەڵ ئاوەڵناوی سادەو ڕەنگەکاندا دێن : وەك :

پیاوێکی دیکەم بینی .

پیاوێکی دی هات .

گۆڤاریکی دی دەکڕم .

خەونێکی دیکە دەبینیت .

بەڵام بۆ شێوەی بەکارهێنانی تر، ترین دەتوانین ئەم نموونانە بێنینەوە :

گوڵی سوور

گوڵی سوورتر ، سوورترین گوڵ

لە ڕستەدا دەڵێین :

گۆڤارێکی جوانترم کڕی . جوانترین گۆڤار، گۆڤاری منداڵانە .

لێرەدا جوانتر بووەتە ئاوەڵناوی بەراورد بۆگۆڤارو لە گۆڤارێکی دیکەی جیاکردووەتەوە .

بەڵام جوانترین کە ئاوەڵناوی پلەی بەرزی بەراوردە لە پێش ناوەکەوە هاتووەو لە هەموو گۆڤارەکانی دیکەی جیاکردووەتەوەو کەوتووەتە پێشەوە، چونکە ئەو شێوەیە لە زمانی کوردیدا بەردەوام لە پێشەوە دێت و دەبێتە ئاوەڵناوی بەراوردی باڵاو ناوەکەی خۆی تەواوکردووەن چونکە هەموو ئاوەڵناوێك ناوەکەی خۆی کە لەگەڵیدا دێت، تەواو دەکات .

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دوو شێوەیە زۆر لەگەڵ یەکدیدا جیاوازییان هەیە، چونکە ئاوەڵناوی نادیاری (دی، دیکە) تەنیا لەگەڵ ناودا بەکار دێن، هەرچی (تر، ترین)ە، ئەوە تەنیا لەگەڵ ئاوەڵناوی سادەو داڕژاوو لێکدراوو ڕەنگەکاندا بەکاردێن و شێوازی پلەی بەراوردو بەراوردی باڵاتریان پێدەبەخشن، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە ئەو جیاوازییە لە ڕێزماندا ڕوون بکرێتەوەو بە شێوەیەکی زانستیانە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بچەسپێنرێت و بخوێنرێت .

وێڕای ئەوەی کە پێویستە لە کتێبەکانی ڕێزمانی کوردیدا ئەم بابەتە بخوێنرێت و دەزگەکانی چاپەمەنی و بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەو جیاوازییە ئاگەدار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی نووسەرەکانیان شێوە دروستەکە

بەکار بهێنن و چی دیکە ئەو شێوە هەڵەیە لە ناو نووسین و چاپەمەنییەکاندا بەکار نەهێنرێت و شێوە ڕاستەکە جێگیر ببێت .

**نووسەر لەچەند دێڕێکدا**



- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە
- کۆشیعری (شەپۆلی ئاوان) ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .

- کۆشیعری (ژیلەمۆی ڕاز) ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .
- کۆشیعری (بەردەباز) ساڵی ١٩٨٦ بەغدا .
- کۆشیعری (خۆر کۆچ ناکات) ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .
- کۆشیعری (ڕێس) ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .
- کۆچیرۆکی (مەرگەمووش) ساڵی ٢٠٠٠ هەولێر .
- کۆ شیعری (ئەفسانەی سێو) ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .
- مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی و ڕۆژنامەنووسیشە .
- ئێستە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی)یە .

# ناواخن

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا | ٥ |
| ٢- سەرەخامەیەك بە دەوری هەڵە باوەکاندا | ٢٧ |
| ٣- ڕۆڵی سۆفێکسی (گە) لە زمانی کوردیدا | ٣٩ |
| ٤- نێرو مێ لە زمانی کوردیدا | ٤٩ |
| ٥- کاری کارا نادیار لە زمانی کوردیدا | ٦٣ |
| ٦-جارێکی دیکە کاری کارا نادیار | ٧٥ |
| 7- پرۆسەی خوێندن و کێشەی دارِشتن | ٨٥ |
| ٨-جیاوازی نێوان ئاوەڵناوی نادیارو ئاوەڵناوی بەراورد | ٩٧ |

# زنجیرەی بلاوكراوەكانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی

١– ئیندێكسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژ (١ – ١٢): شوان سلێمان یابە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١.

٢–الإختبارات التحصيلية في الرياضيات (بە عەرەبی) صباح بويا سولاقا،م وزارة التربية، أربيل ٢٠٠١.

٣–(چیمەن) ئەزموونێكی پەروەردەیی كوردی بە شارەزایی سویدی، مارگریتا سوندمان و باربرا ئیسكارسۆن، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

٤–چیمەن تجربة تربوية كوردية بخبرة سويدية، مارطريتا سوندمان و باربرا إسكارسون، أربيل، م وزارة التربية، أربيل ٢٠٠٢.

٥– ولاتێ بەفرێ هەژمارەكا ناوانە بۆ زارۆیێن كوردستانێ، كامیران بەرواری، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

٦–مدرسة ١١آذار أول مدرسة كوردية في الموصل مع نبذة تاريخية عن التعليم في كوردستان– العراق: د. عبدالفتاح بوتاني، أربيل، م وزارة التربية، أربيل ٢٠٠٢.

٧–گۆڤاری گرو گاڵی منداڵانی كورد و سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی: د. هیمداد حوسێن، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨–لایەنی بیردۆزی و پراكتیزەكردن لە بنچینەكانی وانەگوتنەوەو فێركردنی مەزنان لەگەڵ جەخت خستنە سەر نەهێشتنی نەخوێندەواری: هانس ئۆلۆف گۆستافسۆن و هیلین لینداهۆلم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

٩–رەنگ لە زمانی كوردیدا، لێكۆڵینەوەیەكی لیكسیكی سیماتیكییە: د. مستەفا زەنگنە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

١٠–مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی كوردیدا لە كۆنەوە تا ١٩٣٢: د. فەرهاد پیرباڵ، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.

١١–ئیندێكسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژ(١٣) – (٢٤): شوان سلێمان یابە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

١٢–ئەزموونی گەلان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەشی یەکەم: ئەحمەد قەرەنی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

١٣–مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە: د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

١٤–دەروونناسیا زاروکان بزاڤ– خەبتین –جموجوولْ: جگەرسۆز پێندرۆیی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

١٥–الملامح السياسية لتاريخ الكورد الحديث والمعاصر: صباح آرام، أربيل مطبعة وزارة التربية ٢٠٠٤.

١٦–دیاری بۆ منداڵانی کوردستان: مەدحەت بێخەو، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٣.

١٧–کەونە گوند هەر لە یادمی: دارا محەمەد عەلی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

١٨–چۆن بۆ منداڵان دەنووسیت: جۆن ئەیکن، و: کەمال غەمبار، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

١٩–وێنێن نەترسیێ: ترێزا مورتاف، وەرگێڕان ژ ئنگلیزی: حەکیم عەبدوڵڵا، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٠–گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

٢١–ئیندێکسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژ(٢٥–٣٦): شوان سلێمان بابە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٢–ئەزموونی گەلان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەشی دووەم: ئەحمەد قەرەنی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٣–ئێلی بێ تام و، نێلی بێ ئەدەب،ن: ڕێندرت کرۆم هاود، وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: نازم عەبدولڕەحمان محەمەد، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.

٢٤–نیگار، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا محەمەد سالح، وەرگێڕان و پێداچوونەوە: تاریق کارێزی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.

٢٥- نێرگز: بەڕێز ماجد بەکر، چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٢٦-ڕێنماییکردنی دەروونی: د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٢٧-قوتابخانەی هاوڕێ: د. بەدرخان سندی، د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، د. فاتیمە ڕەشید حەسەن.
٢٨-فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی): د. تالیب حوسێن ،چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٩-ئێزگەی ڕێگر لە هەلاتنە، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە: نازم عەبدولڕەحمان محەمەد، چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٣٠-منداڵێك لە مەملەکەتی باوکەکاندا، حەمەسەعید کەلاری،چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٣١-جەگەر: حاجی ڕەمەزان بێسکی، چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٣٢-وەزارەتی پەروەردە لەسەردەمی کابینەی چوارەمدا: ئەحمەد قەرەنی، بەهائەدین جەلال، دۆستی عەبدولقادر، وشیار حەمەد حاجی،چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥.
٣٣-نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ: شیعر: کازم کۆیی، چ یەکەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٤-نیگار، ئامادەکردنی عەبدوڵلا محەمەد سالح، وەرگێڕان و پێداچوونەوە: تاریق کارێزی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٥-تیۆرەکانی پەروەردەو فێربوون: یووسف عوسمان حەمەد، نیگار، ئامادەکردنی عەبدوڵلا محەمەد سالح، وەرگێڕان و پێداچوونەوە: تاریق کارێزی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٦- مۆرفیمی (ئێستایی (ـــە): د. شێرکۆ بابان، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.
٣٧-ئەو گۆرانییەی نەمگوت: ئەنوەر مەسیفی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٣٨-قوتابخانەی تەندروست: د. سەلیم سەعید زەنگنە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٣٩-ژیاننامەو چەند بیرەوەرییەکی پەرەردەیی (ڕووداوو هەڵوێست) : مستەفا شەعبان، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤٠-ناودارانی کورد لە (قاموس الاعلام)دا: جەلیل محەمەد شەریف، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤١-بابەتی پەروەردەیی: حەمە ساڵح فەرهادی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤٢-خێرا خوێندنەوە، ئاکام و دەرەنجامەکانی: جەواد مستەفا ستۆپەیی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤٣- ئیندێکسی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی لە ژ (٣٧-٤٨): شوان سلێمان یابە، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤٤-نەوەکانی چریکەی دوارۆژ: شیعر: کازم کۆیی، چ دووەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦.

٤٥-نیگار بۆ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی: ئامادەکردن: عەبدوڵڵا محەمەد ساڵح، وەرگێڕان و پێداچوونەوە: تاریق کارێزی، چ دووەم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٤٦-کۆماری چین: وەرگێڕان و ئامادەکردن: کەریم ئەحمەد محەمەد، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٤٧-بەدیموکراتی کردنی خوێندنگە: نیشتمان حوسێن کەریم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٤٨- لە گوڵزاری ئەزموونەکانەوە: سەربوردە: وەرگێڕان لە فارسییەوە: غەریب پشدەری، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٤٩-ڕێباوی لێکۆڵینەوە: د. تالیب حوسێن، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٥٠- بووکە شووشە: شیعر بۆ منداڵان: تەها بیلال، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٥١- گەڕان بە دەوری جیهان لە هەشتا ڕۆژدا: وەرگێڕان: مینا مستەفا ئیبراهیم، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٧.

٥٢- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٨.